ئەنفال... دیدێکی تر و تێگەیشتنێکی تر. ئیدریس مستەفا ساڵح

بە کورتی:
پوختەی ئەم نوسینە ئەوەیە کە ئەنفال هەر بە تەنها سەدام حسێن و رژێمەکەی بەشدار نین لەگەڵ ئەوەی بکەری سەرەکی ئەو تاوانکاریەن بەڵام هێزە کوردیەکانی شاخ بەتایبەت بەرپرس و سەرکردەکانیان سەبەبکار و شەریکی ئەو تاوانکاریەن. ئەمە خسوسیەتی ئەنفالە کە جیای دەکاتەوە لە جینۆسایدەکانی میللەتانی تر.

درێژەی باسەکە..
لە مێژە خواستمە بابەتێکی دوور و درێژ بنوسم لەسەر ئەنفال و بە ئەمەش کەرسی تایبەتم لەسەر جینۆسایدەکانی دنیا خوێند کاتێک قوتابی زانکۆ بووم لە دەرەوەی وڵات. دەتوانم بڵێم هەرچی جینۆسایدی سەدەی نوێیە خوێندمان تەنها ئەنفال نەبێ چونکە تا ئیستا نەتوانراوە بکرێ بە بابەتێکی ئەکادیمی دەکیومێنترن و لەوەوە بخزێنرێتە ناو دنیای زانکۆ و پەیمانگە و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجیەوە. دیارە لە مێژە سەرخەتەکانی خۆم دیاری کردووە و هەر دەمەوە بابەتێکی ئەکادیمی بێ وێنەی ئەوانەی خوێندمان ئامادە بکەم بەڵام تا ئێستا هەر بۆم نەگونجاوە. ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە کە زۆرتر سیاسیە، هەندێ ئایدیای سەرەکی منە دەربارەی ئەنفال کە جیاوازترە لە هەموو ئەو وتار و بابەتانەی تاکو ئیستا لەسەر ئەنفال نوسراون.
یەکێک لەو کێشە گەوارنەی هەموو هزرێک تیی دەکەوێ ئەوەیە هەر خەریکی گوتنەوە و شیکارکاری شتە باوەکان بێت دەربارەی رووداوەکان. ئەم دیدە زۆرتر مەبەستی خۆی دەپێکی گەر بەتوو لەسەر مەسەلەی جینۆساید تاقی بکەینەوە بەتایبەتتر ئەنفال. لە نێو هەموو ئەو جینۆسایدانەی مێژوودا هیچیان وەک ئەنفال ئەو خاسیەتەیان وەرنەگرتووە کە تاوانکاریەکەی بەهۆی هەردوو هێزی ناوخۆ و هێزی دەرەکیەوە روویدابیت. ناوخۆ و دەرەکی لێرەدا مەبەستم لەو هێزە خۆماڵیەی سەر بە لایەنی ئەنفالکراوەکانە وەک زمان و رەگەز، هێزە دەرەکیش کە لە دەرەوەی زمان و ناسنامەی میللەتی ئەنفالکراوە و بە ئەنفالچی لە قەڵەم دەدرێ.
تاکو ئیستا سەرجەم باسەکانی لەمەڕ ئەنفال، بە دەوری هەندێ دید و

تەگەیشتنەوەیە کە هزری رەخنەگر تینوەتی پێ ناشکێ. تەگەیشتنەکە بە سادەی ئاوهایە کە سەدام ئەنفالی کوردی کردووە چونکە رژێمی بەعس رژێمێکی فاشستی و دژە کورد بووە و لە مێژیشە خەی بە ئەو تاوانکاریە مەڵاسداوە. ئەمە تەنها دیوێکی دیاری لاوازی بابەتەکەیە بەڵام دیوە شاراوە و گرنگەکانی تری ئەنفال کامانەن. بۆ ئەوەی بتوانین دیدێکی بابەتی بدەینە باسی ئەنفال دەبێ لە کەی هەموو ئەو کەس و هیزانە بکۆڵینەوە کە لەو تاوانکاریەدا بوون چ هێزی کوردی شاخ و چ هیزی عێراقی دەوڵەتیی. هەروەها ناشبێ فەرامۆشی ئەو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیانەی بکەین کە ئەو هەلومەرجەیان بۆ خوڵقاند. بەڵام نزیکترینیان ئەو بکەرانەی مەیدان بوون بەتایبەتی بکەری کوردی. ئەوەی کە رووویدا بەرئەنجامی کۆمەڵە سیاسەتی سەقەتی سەرکردایەتییەکی نەزان و لە هەمان کاتیشدا بزان بوو کە ئەو دەخەی بە تاوانکاریەکە خوڵقاند.
دەزانم لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە دەپرسن رژێمی بەعس لە مێژ بوو پلانی هەبووە و دوو بەڵگەش دەوترێ. یەکێکیان ئەو سەربازگە و تاوەرە گەورانەی گەرمیانن کە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان دروستکرا؛ دووەمیشیان، ئەو بەڵگانەی رژێمی بەعسن کە گوایە هەر بەتەما بوونە ئەو تاوانکاریە بکەن گەر هێزی کوردی شاخ هەبوایە یان نەبوایە. لە راستیدا ئەمە لاوازترین دید و بۆچوونە و بگرە لە کەڵ خەکردنەوەیەکە بە گەڵان بە دوای تیگەیشینێکی بابەتیانەدا.
هیچ هێزێکی سیاسی و فکری و دەوڵەتی چ نەتەوەیی، چ ئاینی، چ قەبیلەگەرایی نیە بیرەکەی پاوانخوازی تێدا نەبێ و مێژووش ئەمەی سەلماندووە. پاوانخوازیش یان لەسەر داگیرکاری و کزکردن یاخود نەهێشتن و سڕینەوەی ئەوانی تر کار دەکات، بەڵام زەمان و مەکان و مەوداکانی ئەو پاوانخوازیە چیە ئەوە گرنگە لێی تێبگەین. مەودای جینۆسایدەکان لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و رەگەزی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و بە هێزەکاندا قەتیس بووەتەوە و هەرواش دەبێ؛ بەڵام، لە مەسەلەی ئەنفالدا هەندە حسباتی گرنگ دەگەردرێن کە لە هیچ جینۆسایدێکی تردا بوونی نەبووە. ئاماژە بە دوو لێدوانی گرنگ دەدەم بە چوونە ناو ئەو باسەوە کە یەکێکیان لێدوانێکی جیهانیە و ئەوی تریان نێوخۆیی کوردیە و هەردووک لێدوانەکە گەواهیدەری ئەو دیدەیە کە فکرەی سەرەکی ئەم بابەتەیە.

لێدوانە جیهانیەکان

جەنەڕاڵ رۆمیۆ دالییێر جەنەراڵێکی کەنەدیە, ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆیی وڵاتی رواندای کیشوەری ئەفریقیا روویدا ئەوبەرپرسی گشتی هێزە ئاشتیپاریزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لەو وڵاتە. بەهۆی

کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی سەرۆک وڵات کە سەر بە هۆزی هوتوەکان بوو، هوتوەکان کە زۆرینەی رواندان شەڕێکی خوێناویان بەرپاکرد دژ بە کەمینەی توتسی لە وڵاتدا. هوتوی زۆرینە پەلاماری توتسی کەمینەیاندا و بە ماوەی ١٠٠ رۆژ شەڕی ناوخۆی بەرپابوو. لەو ١٠٠ رۆژەدا زیاتر لە ٨٠٠ هەزار مرۆڤ قەتڵ و عام کرا کە زۆربەیان لە خەڵکی توتسی نەژاد بوون.
جەنەراڵ رۆمیۆ دالیێر کە ئەو سەد رۆژەی کردووەتە پەرتووکێک و دواتر کرا بە فیلمێکی مەزن بە ناوی ئوتێل رواندا، ووسا و ئیستاش دەڵێ سەبەبکاری سەرەکی ئەو جینۆسایدە دەستەبژێری سیاسی جیهانی بوون کە لە سەرەک و دەوڵەتە زلهێزەکان بەتایبەت ئەمریکا و ئەوروپا بەرجەستە دەبێ، بەرپرسی رووداوانی ئەو جینۆسایدە بوون. ئەو ئیستەش کە لە ژیاندا ماوە و من بەخۆم دیتومە و قسەم لەگەڵی هەبووە ئیستاش خەمبارە بەو رۆژگارە و کە باسی دەکات خەمێکی قوڵ لە دڵ و دەروونی و هەناسەیەوە دەنێدەر. ئەو وەک هەموو بەرپرسە جیهانیەکانی تری وەک ئەمریکا و فەرەنسای نەکرد، کە دوو تاوانباری ئەسڵی هەڵایسانی ئەو جینۆسایدەن، رواندای بە جێ نەهێشت نەک هەر بە جاوی خۆی ئەو کوشتارەی دیت بەڵکو تییدا ژیا بەو هەموو خوێن و کوشتارەی ئەو ٨٠٠ هەزار کەسەوە.
جەنەراڵ رۆمیۆ بەو لێدوانانەی پێمان دەڵێ، وەک لە فیلمەکەشدا دیارە، کە ئەمریکا و فەرەنسا لەوێ بوون و بەهۆی بوونی چەندان ساڵەی ئەوانەوە هەلومەرجێک دروست بوو کە ئاگری تاوانکاریەکە خۆش ببوو کە دەیانتوانی رێگری لێ بکەن بەوەی بکەونە بەینەوە کەچی دەخەکەیان بە هۆزە توندرەوە هوتوییەکانیان بەجێهێشت لە کاتێکدا هەموومان دەمانزانی ئەوانە وڵات خەڵتانی خوێن دەکەن گەر دەستیان بروات. ئەوە بوو ئەوەیان کرد کە لە مێژووی تاوانکاریدا بە وێنەیە. بەڵام، دوای چەند ساڵێک رواندا توانیتی ئەو تاوانکاریە گەورەیە تێبپەڕێنێ و هەردوو هۆزی نەژاد جیاوازی هوتو و توتسی ئاشت بکاتەوە و وەک جاران شان بە شانی یەک بژین و ئەو دراوسێیانەشی کە کوڕ و منداڵی یەکتریان کوشت بوو باوەشیان کردەوە بە یەکدا و لە یەکدی خۆش بوون.
ئەم قسانەی جەنەراڵ رۆمیۆ دالیێر پێمان دەڵێ کە ئەسڵی رووداوانی هەر جینۆسایدێک ئەوانەن کە لەسەرەوە دەسەڵاتیان هەیە وەک نوخبەی سیاسی حاکمدار. ئەنجامدەرانی مەیدانی جینۆسایدەکان هۆکاری دووەمن گەر سێیەمیش نەبن و هۆکاری یەکەم سەرکرد و بەرپرسەکان و هەرکات ململانێ و بەرژەوەندیەکانیان کەوتە کێشە ئەوا مرۆڤەکانی خوارەوە دەکەنە قوربانی ساغ بوونەوەی کێشەکانیان. ئەنفالی کورد نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو قسانەی جەنەراڵ رۆمیۆیە کە چۆن سەرکردایەتیەکانی

هەردوو لا بەتایبەت سەرکردایەتی وکردی ئەودەم ئاگری جینۆسایدی ئەنفالیان خۆش کرد تاکو روو بدات و وەک خۆیان دەڵێن چاوەڕێی هەڵەبجەیەکی تریان دەکرد تاکو خۆیانی زیاتر پێ بناسێنن بە دنیای دەرەوە.

لە رووی سیاسی فکریەوە بابەتەکە ئەوەیە کە هەموو هیزێک دەیەوێ باڵا دەستی زیاتری هەبێ و ئەم باڵا دەستیە لەسەر بنەمای کەم کردنەوە و سڕینەوەی ئەوانی تری کەمینە یاخود بە هێزەکان دەچێتە پێش و لەم پرۆسەدایە کە قەتڵوعامەکان روودەدەن. لە خودی ئیستادا زۆر دەولەت دوو نەخشەیان هەیە، نەخشەیەکی رەسمی و نەخشەیەکی نهێنە لەوانە تورکیا و چین و روسیا. چین و روسیا کە پەیوەندیەکانیان لە ئیستادا لە ترۆپکی خۆیدایە کەچی هەر یەک نەخشەی تایبەتی خۆی هەیە کە هەر یەک بەشیک لە جوگرافی ئەوی تری خزانەتە ناو نەخشە غەیرە رەسمیەکەیوە و ئەو پارچە زەویە بە هی خۆی دەزانێ. لەسەر ئاستی تاک و خەڵکیش هەر میللەتە خاک و وڵاتەکەی لە دڵی خۆیدا بە گەورەتر دادەنێ لەوەی لە بەرچاوە و ئەمەش لە قسەکردنی رۆژانە و نوسین و تۆڕی کۆمەڵایەتی و هەندێ جار لەدوانەوە دەردەکەوێ. جا ئەم حالەتە بگوازێرەوە بۆ حکومەتێکی تاکڕەوی تاک سەرکردەی دکتاتۆر لە رۆژهەڵاتی ناوینی بجوکدا بەتایبەت وەک عێراق ئاخۆ دەبێ چۆن بێ بەتایبەتتر سەرکردەی هێزی بەناو شۆڕشی چەکداری لە شاخ یەکبینە چیلکە و جەواڵ وەربدنە شارە زەردەواڵەکە و دواتر گەر پێیانەوە بدات دەڵێن خەتای زەردەواڵەکە بوو. لە هەموو خاکێک و شوێنیک شارە زەردەواڵە یان زەردەزیڕە هەیە. گەر بەلایدا نەچی هیچ لێ ناکات بەڵام کە دارت تێوەژەن و پێوەی دایت ئەوا ....

لەدوانی جەنەراڵێکی بۆسنی…

چوار پێنج ساڵ پێش ئەستا جەنەراڵێکی بۆسنی باس لە سالانی جینۆسادی خەڵکەکەی خۆی دەکات بە دەست سربیەکانەوە لە دەیەی نەوەدەکانی رابردوودا. لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێ سەرەکی پێشوتری بۆسنیا هەرزەگۆڤین پێ راگەیاندم کە پەلاماری هەندێ شوێنی یوئێن و دەسگا جیهانیەکانی تر بدەین لەگەڵ نانەوەی هەرا و زەنایەک لەوەی پەلاماری سربەکانی بۆسنە بدەین تاکو ئەوانیش دەسبکەنەوە لە موسڵمانەکانی بۆسنە؛ بەتایبەت دەوڵەتی سربیا کە زۆرینەی وڵاتن و زۆر تورەن لەوەی یوگسلافیایان لە دەست دەچێ یاخود لە دەسچووە و چیتر سەرداری ئەو وڵاتە نەماون رووداوێکی ئاوها روحی تۆڵەیان زیاتر دەوجوڵێنێ ئەوەبوو ئەو قەتڵوعامەیان کرد زیاتر لە هەشت هەزار موسڵمانی بۆسنیان کوشت لە شاری سریبرینیتشا لە سالی ١٩٩٥.

ئەوەی جێگەی سەرنجی زیاترە ئەوەی ئەو جەنەراڵە دەڵێ عەلی عیززەت بیگۆڤیچ پێی گوتم کە ئەمریکاییەکان پێیان راگەیاندووم ئەو کارە بکەین. دەڵێ منیش پێم گوت ئەوە بە راستیتە خۆمان بچین بە دەتسی خۆمان خەڵکەکەی خۆمان بخینە بەر فیشەکی مەرگەوە. بیگۆڤیچ پێی گوتبوو بەڵێ دەبێ وابکەین جونکە ئەوە خواستی ئیدارەی بیڵ کلینتۆنە.

لەدوانی ناوخۆیی کوردی

هەمان ئەو لەدوان و حاڵەت و رووداوانەی لەسەرەوە باسمان کردن لە ئەنفالدا بەرجەستەیە بەڵام یەک شت کە ئەنفال لە جینۆسایدی رواندا و هەر جینۆسایدێکی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەنفال تەنها لەسەر دەستی هێزی دەرەوە (هیزی رژێمی بەعس) رووی نەدا بەڵکو لەسەر دەستی خودی هیزی کوردی روویدا کە لەو دەمەدا دەسەڵاتدار بوو. بە ئەوەی لە کرۆکی بابەتێک تێبگەین هەندی جاران پێوستیت بە بەڵگە نیە و تەنها خودی رەوڕەوەی رووداوەکان دەتوانن کۆمەڵێ راستی حاشاهەڵنەگرت بە بخەنە بەردەست. لە ئەنفالدا بەڵگەکان بە قەد رەوڕەوەی رووداوەکان بەهێزن بە تایبەت بەڵگەکان لە زاری خودی خەتاکەرانەوە بێت ئەمە جگە لە یادەوەری ئەنفالکراوان مەبەستم ئەوانەی لە کاتی پرۆسە و ئەنجامدانی تاوانکاریەکە رزگاریان بوو.
مێژووی پەلامار و پاوانخوازیەکان چ لە کۆنەوە تاکو ئیستا جا هەر هیزێک قەوارەیەکی سیاسی یا ئاینی یا کۆمەڵایەتی یا نەژادییدا بێت ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموویان ویست و هەوڵ و ئیرادەی فراوانبوون و گەورەبوونیان هەبووە و ئەمەش بێگومان لەسەر نەمان و سڕینەوەی ئەوانی تر دەبێت جا ئەم فراوانبوون و گەورەبوونە لە پاکتاوکردنی ئەوانەی دەوروبەری خودی خۆیان بوونە کە بەشێم بوونە لە خۆیان چ لە رووی زمانەوە بێت یاخود نەژاد و ئاین یاخود جوگرافیاوە بێت.
بۆیە ئەو ئیدیعایەی گوایە سەدام و رژێمی بەعس هەر ئەو پەلامارە گەورەیان دەدا گەر هێزی پێشمەرگە هەبوایە یان نا ئەوا ئاگای لە مێژووی فراوانتری سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەو هیزانەی پاکتاوسازیان ئەنجامداوە لە مێژوودا، و چاویلکەی مێژوویان تەنها سەدام و رژێمەکە دەخوێننەوە. زۆرێک لە پاکتاوسازیەکانی مێژوو نەژادی نەبوون یا ئاینی بوون یاخود جوگرافیایی و قۆرخی دەسەڵاتدارێتی بوون.
راستیەک لە زاری هەموویانەوە…
حزبیە کوردیەکانی ئەو دەم بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە هێزی یەکەمی ئەو کاتی شاخ بوون و بگرە رژێمێکی سەربەخۆ بوون و حوکمی بەشێکی زۆری کوردستانیان دەکرد هەر لە هەبوونی هێزی

سەربازی و باجدانان و دادگا و زیندان و بڕیاری کوشتن و لە سێدارەدانەوە تا دەگات بە شەڕکردنی لەگەڵ هێزە دەوڵەتیەکانی ناوچەکە لەوانە هێزی دەوڵەتی عێراق کە هەڵەبجە و ئەنفالی دێهاتیەکانی کوردستانی کرد. ئەویش لە دەرئەنجامی پێشێل کردنی ئەو گفتوگۆ و دانێشتنانەی لەگەڵ سەرانی دەوڵەتی عێراقیدا کردبوویان بەتایبەت سەدام حوسێن وەک سەرۆکی وڵات.
بە دەنگ و وێنەی قیدیۆیی هەیە کە هەموویان دەڵێن سەرەتای دەسپێکردنی مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ سەدام حوسێن بە شەخسی بە خودی جەلال تالەبانی گووتووە. وەک لە زاری خۆیانەوە دەیڵێن سەدام حوسێن زۆ ربە موئەدەبانە ئەمەی بە تالەبانی گوتووە (بەڕێز جەلال تاڵەبانی قسەیەک دەکەم خوانەخواستە بە هەڵەشەی وەرنەگرن، ئەویش ئەوەیە کە هویادارم دەست تێکەڵاو نەکەن لەگەڵ دوژمنەکانماندا چونکە گەر ئەوە بکەن ئەوا بە هەموو هیزی خۆمان لێتان دەدەین.) هەر لە هەمان ساڵدا و لە یەکێک لە دانیشتنەکانی تردا عیزەت دووری جێگری سەدام حوسێن بە نەوشیروان مستەفای جێگری جەلال تەلەبانی وتبوو کاتێک نەوشیروان مستەفا هەڕەشەی لێدانی نەوتەکەی کەرکوکی کردبوو بە هیزی سوپای پاسدارانی ئێرانی، عیزەت دووری لە وەڵامدا پێی گوتبوو: (ئەگەر ئێران بهێنن و لە نەوتەکەی کەرکوک بدەن ئەوا هەرچی دیهاتی دەوروبەر هەیە دەیڕوخێنین و خەڵکەکەی راگوێز دەکەین.) عاقڵی سەرکردایەتی کورد ئەوە بوو کە هەردوو ئاگادارکردنەوەکەیان بە فشە وەرگرت. لە لایەک نەوشیروان مستەفا پاسداری هێنا و لە نەوتەکەی کەرکوکیاندا و خۆشیان هەڵاتن. دەرئەنجام زەرەرمەندی ئەوەڵ و ئاخیر دێهاتەکانی دەوروبەری کەرکوک بوو کە باجی نابەرپرسیارێتی و ناسیاسی بوون و بێ هزری سیاسی ئەو سەرکردایەتییەیاندا.
دوای سێ و چوار ساڵ لەو رووداوە هەڵەبجە و ئەنفال روویاندا. بە پێی یادەوەرییەکانی خودی خۆیان چەند مانگێک پێش تاوانکارییەکەی ئەنفال، ئەفسەرێکی باڵای سوپاسی عێراقی دێتە لای سەرکردایەتی یەکێتی، گوایە ئەفسەرەکە رادەکات بەڵام لەوانەشە بە مەبەستەوە نێردرابێ، نەخشەی پەلامارەکانی ئەنفالیان پێ نیشان دەدات و ئاگاداریان دەکاتەوە. هەروەک پیشەی سیاسی خۆیان گوێیان نەدا بە نەخشەکانی ئەو ئەفسەرە هێنابووی ئەمە جگە ەلوەی لە چەندان لاوە دەزانرێ کە سوپاسی عێراقی قسەکەی سەرۆکەکەیان جێ بەجێ دەکەن کاتێ پێی گوتبوون (بە هەڵەشە لێم وەر نەگرن بەڕێزینە بەس خوانەخواستە خوانەخواستە دەست لەگەڵ دوژمنەکانمان تێکەڵاو بکەن ئەوا بە هەموو هیز خۆمان لێتان دەدەین.) ئەوە بوو سوپاسی عێراق ئەنفالی بەسەر هەموو دەشت و دێهاتەکانی کوردستاندا کرد و ئەوانیش وەک بەرزەکی

بانان بۆی دەرچوون و خەڵکەکەیان بە شاڵاوی سوپای عێراقی بەجێهێشت.

سوپاسگوزاری و لێخۆشبوونی کوردی لەسەر مەرگی ئەنفال…

کاتێک کە هەڵەبجە روویداوە، هەر لە زار و وشەی نوسراوی خۆیانەوە دەڵێن سەرکردەی یەکێتی گوتبووی خۆزگە چەند هەڵەبجەیەک رووی دەدات تاوەکو بەناوبگتر بین. بۆیە هەر بە تەنها قوربانی دوو رژێمی شەڕکەری وەک ئێران و عێراق نەبوو بەڵکو قوربانی ئەو عەقڵ و خولقی خودی سەرکردایەتی کوردی و هیزە چەکدارەکەشی بوو هەر بۆیە دوای چەند سەعاتێک و چەند رۆژێک لە کیمیابارانەکە ئەوەی ئەو هیزە کوردیە کردبوویان، دەزانم هەندێک دەڵێن ئەوانە چەند کەسێک بوون بەڵام مەسەلەکە ژمارە نیە بەڵکو ئەو عەقڵ و خوڵقەیە کە دوای تاوانکاریەکە دەستیان دابووە تاوانکاری تر کە مرۆڤ موچڕکی شەرمی پیدە کاتێک بیەوێ باسیان بکات. قۆناغی دوای ئەنفالە وات لە راپەڕینەوە تاکو ئیستا حازر بەدەستترین بەڵگەیە کە هیزی کوردی ناوخۆیی بەردەوامە لە ئەنفالکردنی نەک هەر پاشماوەی ئەنفالەکان بەڵکو هەموو ئەوانەشی بەر شاڵاوی فیزیکی ئەنفال نەکەوتوون وا لە ئاستە روحیەکەی بەر ئەو شالاوە کەوتوون، ئەنفالی رژێمی بەعس گەر پاکتاوی جەستەیی مرۆی کورد بوو ئەوا ئەنفالی کوردی پاکتاوی روحی مرۆی کوردی کردەیە ئامانج و ئەم ئامانجەشی چاک پێکاوە بە درێژایی زیاتر لە سێ دەیەی تەواوە.

سوپاسگوزری و لیخۆشبوون و نامەی پشتیوانی بە تاوانیی هەمان سەرکردایەتی شاخ لە جەنەراڵ و کەسە گەورەکانی بکەرانی ئەنفالی رژێمی بەعس بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو راستیەیە کە هێزە کوردیەکانی شاخ بە ئیسلامیەکانیشەوە بەشێک بوون لە تاوانکاری ئەنفال. نامەکانی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بە دەزگا رەسمیەکانی ئەوروپا بە پشتیوانی لە بە تاوانی نزار خەزرەجی لەو ئەنفال هەر بە تەنها نیشانەی بە هزری سیاسی و خاڵی بوونی مەرامی نەتەوەیی نیە لەو تاوانکاریە بەڵکو نیشانەی شەریکبووناینە لەو تاوانکاریە لەگەڵ سەرانی بەعسدا. بۆیە هەر دید و بۆچوون و باس و خواسێک سەرکردایەتی کوردی لەو تاوانە بە بەری بکات ئەوا جگە لەوەی ناکامە و نابابەتی دەبێ بەڵکو دەکەوێتە ئە وبەرەیەی کە سەبەبکار و شەریکی جینۆسایدی ئەنفال بوون.

ئاستی تیئۆری جینۆساید…

تێگەیشتنی باو ئەوەیە کە جینۆساید پاکتاوەکی رەگەزیە لە لایەن هیزەکی دەرەوەی ئەو نەتەوەیە یان ئەو خەڵکە دەچێتە پێشەوە یاخود

لەسەر دەستی هیزەکی زەرینەی نەژادی یان ئاینی دژ بە کەمینیەکی نەژادی یا ئاینی ئەنجام دەدرێ؛ ئامانج لە جینۆسایدەکان بریتیە لە پاوانخوازی ئەم پاوانخوازیەش مەرج نیە هەر لە پەلامار بە سەر هێزە غەیرەکان بێت بەڵکو دەکرێ و لە مێژووشدا ئێوها دەتسی پیکردووە کە قەتڵ و عامەکان لە پەلاماری هێزە ناوخۆییەکانی خودی خۆیانەوە دەستی پێکردووە ئینجا بە سەر ئەوانی تر. کرۆکی هاوکێشەی جینۆسایدەکان لەسەر زەرینە و کەمینە، بەهێز و بێ هێز، غافڵگیر و ناغافڵگیر دروست بووە. ئەو جینۆسایدانەی لە سەردەمی زاڵێتی سیستەمی لیبرال دیموکراسی واتە هەژمونوی ڕۆژئاوایی دروست بووە لەوانە جینۆسایدی رواندیەکان، بۆسنیەکان، دارفۆریەکان و تەنانەت کوردیش خاسیەتەکی وەرگرتووە کە لەگەڵە لە کرۆکدا لەوانی رابردوو هەمان شتە بەڵام لە روودانی و هێزە بەشداربووەکانی تایبەتندیتیکی تری هەیە. هەڵەبجە و ئەنفال ئەو جینۆسایدانەن کە خاسیەتی خۆی هەیە. ئایدیای سەرەکی ئەم نوسینە لەسەر ئەو تایبەتمەندیتییە.

١٣ی ٤ی ٢٠٢٤

کتێبی ” تێگەیشتنێک لە شۆڕشی سۆشیالیستی ” چاپ و بڵاوکرایەوە

کتێبی ” تێگەیشتنێک لە شۆڕشی سۆشیالیستی ” کەوتە بەردەستی هەموولایەک بۆ خوێندنەوە و دروستکردنی گفت و گۆی بونیاتنەرانە سەبارەت بەم بابەتە گرنگە .

ئەم کتێبە وەک نمونە و شیوازەکی تازەی کاری هاوبەش لە نێو کۆمۆنیستەکاندا ، بەرهەمی کاری چوار هاوڕێیە : ئەکرەم سەعید ، سامان کەریم ، ئاسۆ کەمال و گۆنا سەعید .

سەرەتای ئەم کارە بە بریارەکی هاوبەش دەستی پێکرد سەبارەت بە گرنگی پێکەوە کارکردن و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی فکری و سیاسی لەسەر پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە خەباتی کۆمۆنیستی و

بزوتنەوەی کرێکاری .. ئەمە یەکەم بەرهەمی هاوبەشمانە …
کتێبی " تێگەیشتنێک لە شۆڕشی سۆشیالیستی " چوار ووتاری لە خۆ گرتووە کە هەریەکەیان لە گۆشەیەکی جیاوە هەوڵی دروستکردنی تێگەشتنێکی بنەمایی دەدات سەبارەت بە هەل و مەرجە بابەتی و ناوخۆیی یەکانی نەو چینی کرێکار و ئەگەری شۆڕشی سۆشیالیستی لە بەر ڕۆشنایی ئاڵۆ و گۆڕەکانی جیهانی سەرمایە و کار و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان لە سەردەمی ئیستادا ..

ئاسۆ کەمال – لە ووتاری یەکەمدا "شۆڕشی سۆشیالیستی و ئەزمونی شۆڕشەکانی سەدەی ٢٠" ، هەوڵ دەدات وەڵام بە پرسیارێکی بنەڕەتی بداتەوە، لە ڕێگەی لێکدانەوەی شۆڕشە کرێکارییەکانی سەدەی ١٩ و ٢٠ و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشی کرێکاران .. بە تایبەت گرنگی دەدات بە ئەو دەرس و تەجروبانەی کە دەکرێت لە شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا وە فێر بین بۆ ئەم سەردەمە.

ئەکرەم سەعید – لە ووتاری "سەرمایەداری: قەیران و بەربەریسم " شیکارییەکی وورد بە هەردوو دیاردەی " قەیران" و " بەربەریزم" ی سیستەمی سەرمایەداری دەکات و بە پشت بەستن بە بەڵگە و نمونەی جۆرا جۆری سیاسەت و کردەی دەوڵەتانی سەرمایەداری و کۆمپانیاکان ، بنەماکانی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان و دڕندەیی ئەمڕۆی سەرمایەداری شی دەکاتەوە.

سامان کەریم – لە ووتاری سێهەمدا لە ژێر ناوی " ڕەشنوسێک دەربارەی ڕێبازی شۆڕشی پرۆلیتاریا" ، هەل ومەرجە بابەتی و پراکتیەکانی بەردەم پرۆلیتاریا ی جیهانی لێکداوەتەوە لە بەر ڕۆشنایی بارو دۆخی ئێستەی سەرمایەداری جیهانی و بەرهەمهێنان ، کە دەکرێت وەک سەرەتای نەخشە ڕێگایەک بۆ شۆڕشی ئایندەی پرۆلیتاریا لێی بڕواندرێت ..

گەنا سەعید – لە ووتاری چوارەمدا "ڕوانینێک لە بارو دۆخی کرێکاران لە بەر ڕۆشنایی کاریگەری دوایین پێنج دەیە لە جیهانگیری !" ، بە پشت بەستن بە ئامارەکان لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی کردوە لەسەر چینی کرێکاری جیهانی وەک بکەری شۆڕشی سۆشیالیستی ، بە گوزەرێک بەسەر بەو ئاڵۆ و گۆڕانەی کە بەسەر پێکهاتەی چینی کرێکار و شێوازەکانی کار و ڕێکخراوبوون و ئاستی ناڕەزایەتی یەکانی چینی کرێکاردا هاتوون لە ئەنجامی پێنج دەیە لە جیهانگیری و نیوالیبرالیزم .

یەمەن- مەترسییەکانی فراوانبوونی جەنگ و تێکچوونی ئاسایشی ناوچەکە.. فەرمان محەمەد

گرژییەکان بە خێرایی بەرز دەبنەوە و دەکێشرێنە ناو ململانێیەکی ناوچەییەوە. وەک چۆن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین جار ئەوەی نیشانداوە، کە بەرزبوونەوەی گرژییەکان دەتوانێت بەخێرایی بە شێوەیەکی جددی بگۆڕێت. بەم شێوەیەش ترس لە ململانێیەکی فراوانتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرک پێدەکەین؛ ترسی ئەوەی کە گرژییەکان لەسەر شێوەی غەززە و هاوکاتیش گرژییەکانی یەمەن، بڕژێتە ناو ململانێیەکی ناوچەیی فراوانترەوە.

ئاڵۆزییەکانی جیهان ڕووە و هەڵکشانن و دەبینین، کە لە ئۆکرانیا شەڕێکە درێژەی کێشاوە و کۆتایی نەهاتووە. شەڕی غەزەش پێدەنێتە قۆناغێکی مەترسیدار و پاشان شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکڕای جیهان ماندووەتی شەڕ و مەترسی لەدەستدانی بەرژەوەندیی و تێکچوونی نەزمی جیهانی پێوەدیارە. ئێستاش ناوچەکە ڕووبەڕووی جەنگێکی تری دەستێکی نزیکی ئێران دەبێتەوە، کە دوژمنی سەرسەختی ئەمریکایە، ئەویش یەمەنە. حووسییەکان بەهەندێک داینامیکی ئاڵۆز و گرەوێکی بەرز یاریی دەکەن، لەژێر سێبەری سەرکردەی جیهانی ئیسلامیی شیعە کە ئێرانە و لە بەرانبەردا سعوودیە سەرکردەی ئیسلامی سوونەیە، کە شەڕی ناوخۆی یەمەن لە ڕاستیدا بووەتە شەڕێکی بەوەکالەت لەنێوان هەردووک زلهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەک و هەروەها ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا لەلایەکی دیکەوە.

بەریتانیا، ئەمریکا و ئەو هاوپەیمانییەی کە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا پێکهاتووە زیاتر لە دەیان هێرشی بە سەر ئامانجەکانی حووسییەکان لە یەمەن دەستپێکرد. واشنتۆن و لەندەن ڕێگەیان بە فڕۆکە جەنگییەکانیاندا، کە هێرش بکەنە سەر ئەو شوێنەی کە بە قەڵای حووسییەکان ناودەبردرێت. ئەم هێرشە دوای ئەوە دێت کە حووسییەکان هەڵمەتێکی دوو مانگەیان ئەنجامدا، کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیان کردە سەر کەشتییەکان لە دەریای سووردا، کە بە

گوتەی خۆیان پشتیوانیی لە فەلەستینییەکانی غەززە دەکەن. لەهەمان کاتدا حووسییەکان بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە کەشتییە ئیسرائیلییەکان دەکەنە ئامانج. بەم جۆرە هێرشەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا مەترسییەکانی ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فراوانتر و خێراتر کرد. حووسییەکان هۆشداریی دەدەن کە تۆڵە دەکەنەوە و بەڵێن دەدەن بەردەوام بن لە هێرشەکانیان بۆ سەر کەشتیوانی نێودەوڵەتیی و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل- ئەمریکا. ئەمەش لەلای کەسانی سیاسیی، شرۆڤەکار و بیرمەندان بووتە مەترسیی و ڕایانگەیاندووە، کە بەردەوامیی پێککەوتنی بازرگانیی دەریایی، ڕەنگە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی وزە و خۆراک.

لێرەدا دەکرێت بپرسین حووسییەکان کێن؟

حووسییەکان گرووپێکی میلیشیایی یەمەنین، کە بە ناوی دامەزرێنەرەکەیان حووسێن بەدرەددین حووسییەوە ناونراوە و نوێنەرایەتیی لقی زەیدی ئیسلامیی شیعە دەکەن. ئەوان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بە دژایەتیی کاریگەریی سعوودیە لە یەمەن سەریان هەڵدا. ئەو گرووپە کە بە زیاتر لە سەت هەزار چەکدار دەخەمڵێندرێت و ناوی فەرمییان ئەنسارولڵایە، زۆربەی ڕۆژاوای وڵات بەڕێوەدەبەن و بەرپرسی کەناراوەکانی دەریای سوورن و بەشێکی زۆری وڵاتی کۆنتڕۆڵکردووە، لە نێویاندا گەرووی "بابولمەندەب" کە بەرەو دەریای سوور دەکشێت.

حووسییەکان، هاوپەیمانی ئێرانن و لە شەڕێکی ناوخۆدا دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری یەمەندا گرت، لەگەڵ هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، بۆ ئەوەی پشتیوانیی خۆیان بۆ حەماس نیشان بدەن، بەڵێنیاندا کە هێرش بکەنە سەر ئەو کەشتیانەی کە پەیوەندیان بە ئیسرائیلەوە هەیە، یان بەرەو بەندەرەکانی ئیسرائیل دەڕۆن.

حووسییەکان دەڵێن، ڕێگریی لە کەشتییە ئیسرائیلیی و ئیسرائیلییەکان دەکەین، کە بە گەرووی بابولمەندەبدا تێبپەڕن، بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی لانیکەم ڕێگە بە یارمەتی مرۆیی پێویست بدات، بچێتە ناو کەرتی غەززەوە، کە ئیسرائیل لە ماوەی سێ مانگی ڕابوردوودا گەمارۆی داوە. حووسییەکان لە ١٩ی ئەم مانگەدا سەرنجی جیهانی ڕاکێشا، کاتێک فەرماندەیی کەشتیی بارهەڵگری گالاکسیی کرد و دواتر کردیان بە شوێنێکی سەرنجڕاکێشی گەشتیاریی.

لە کاتێکدا کەشتیوانیی جیهانیی کاریگەری قووڵی لەسەر بووە، کۆمپانیا گەورەکانی کەشتیوانیی بە تەواویی، خۆیان لە دەریای سوور دوور خستووتەوە، بەڵام سەرەڕای ڕێگرییەکانیان، حووسییەکان

زیانێکی کەمیان بە کەشتییەکان گەیاندووە و خۆیان لە کوشتن یان بریندارکردنی خەڵکەکەی ناو کەشتیەکان بەدوور گرتووە.

گۆڕینی تاکتیک لەهێرشەکانیاندا؛ لە سەرەتای مانگی یەکدا، حووسییەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی کەشتیی بێسەرنشین و لە ماوەی ڕابوردوودا ئەو گرووپە بەلەم و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیان بەکارهێناوە، کە لە کاتی بەرکەوتن لەگەڵ کەشتیەکانی دیکەدا دەتەقنەوە. لە کاتێکدا ئەو گرووپە تاکتیکی گۆڕیوە، بەڵام چالاکییەکانیان لە دەریای سوور ڕانەگرتووە.

ڕاپۆرتێکی ئەم دوواییەی کۆمپانیای ویندوارد کە کۆمپانیایەکی شیکاریی دەریاییە، دەریخستووە کە لەوەتەی حووسییەکان دەستیان بە هێرشەکانیان کردووە بۆ سەر دەریای سوور، ژمارەی ئەو □□□□وانەی کە بە هێڵی کەشتیوانییە گرنگەکەدا تێدەپەڕن، زۆر دابەزیووە. لە هەفتەی دووەمی مانگی کانوونی دووەمدا، کەشتییە کۆنتێنەرەکان کە بە دەروازەی باشووری دەریای سوور، گەرووی بابولمەندەب تێدەپەڕن، بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای هەفتانەی ساڵی ٢٠٢٣، بە ڕێژەی ٧٠% کەمیکردووە. لەهەمان کاتدا 136% زیادبوونی گەشتەکان لە ڕێگەی “کیپی هیوای باش”ـەوە هەبووە.

گرژییەکانی دەریای سوور و هەڵوێستی ئەنجوومەنی ئاسایش:

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین جار داوای کۆتاییهێنانی بە هێرشی حووسییەکانی کردووە. ئەووە بوو ئەنجوومەنەکە بە کۆتاییهێنان بە هێرشی حووسییەکان بۆ سەر کەشتیوانی نێودەوڵەتیی لە دەریای سوور، بەپەلە بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد، سەرەڕای نیگەرانی ڕووسیا و چین.

بڕگەیەکی سەرەکیی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕۆژی چوارشەممە کە لەلایەن ئەمریکا و ژاپۆنەوە سپۆنسەر کراوە، ئاماژەی بە مافی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، “بۆ بەرگریکردن لە کەشتییەکانیان، لەنێویاندا ئەوانەی کە ماف و ئازادییەکانی کەشتیوانیی تێکدەدەن ڕووبەڕووی سزای نێودەوڵەتی بکرێنەوە”. ئەو بڕگەیە گەیشتە پشتگیرییەکی ناڕاستەوخۆی ئۆپەراسیۆنی پاسەوانیی، کە هێزێکی دەریایی فرەنەتەوەیی و ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، بۆ بەرگریکردن لە کەشتییە بازرگانییەکانیی نێودەوڵەتییەکان. هاوکات وتەبێژی حووسییەکان بڕیارنامەکەی بە “گەمەی سیاسیی” ناوبردوو و ڕەتیکردەوە و ڕایگەیاند، ئەوە ئەمریکایە کە یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل دەکات.

دەستتێوەردانی ئەمریکا و بەریتانیا ڕەنگە بەسوودی حووسییەکان

بشکێتەوە؛ حووسییەکان دەتوانن لە بەرزبوونەوەی گرژی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی قازانج بکەن و زلهێزی نێودەوڵەتیی و ناوچەیی بخزێننە ناو یارییەکەوە، بەمەش ڕێگرییان لێناکرێت و لە ڕاستییدا دەکرێت زیاتر بوێرییان پێبدرێت.
شەوی پێنجشەممە، ئەمریکا و بەریتانیا چەندین شوێنیان لە یەمەن بۆردومان کرد، ئەمەش ڕۆژێک دوای ئەوەی ئەو مووشەکانەیان خستە خوارەوە، کە لەلایەن حووسییەکانەوە لە دەریای سووردا ئاڕاستەکرابوون، فەرماندەی ناوەندیی ئەمریکا ڕایگەیاند، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا ١٨ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەر، دوو مووشەکی کروزی دژە کەشتیی و یەک مووشەکی بالیستیی دژە کەشتییان لە دەریای سوور خستووەتە خوارەوە.
ئەمەش یەکەمجارە لەم شەڕەدا ئەمریکا یان هاوپەیمانەکانی، هێرش بکەنە سەر خاکی یەمەن.
ئەگەرەکانی فراوانبوونی ململانە و شەڕی بەوەکالەت؛ ئەگەر شەڕ لەگەڵ حووسییەکان پەرە بستێنێت – بە نموونە ئەگەر ئێران بڕیار بدات چەکی زیاتر بە حووسییەکان دابین بکات – ئەوا ئوسترالیاش کە هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکایە دەچێتە ژێر فشارێکی زیاترەوە بۆ ناردنی سەرچاوەی سەربازیی. شەڕی ناوخۆی یەمەن لە ساڵی ٢٠١٤ دەستیپێکرد، کاتێک حووسییەکان دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی یەمەن. حووسییەکان لەگەڵ ئێران هاوپەیمانن، حکوومەتی یەمەنیش لەگەڵ سعوودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیی هاوپەیمانە و چەند ساڵێکە شەڕی بەوەکالەت و سیبەری ئێران-سعوودیە دەکەن. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ بە ناوبژیوانی چین ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئێران و سعوودیە ئەنجامدرا و لە ئەنجامدا گرژییەکانی نێوان حووسییەکان و حکوومەت کەم بووەوە.

پشتگیریی ئێران یان بوێریی و توانای ناوخۆیی؛ لە کاتێکدا هێشتا هەندێک گرژیی لە ئارادایە، بەڵام پێدەچێت خراپترینی شەڕی ناوخۆ، لانیکەم بۆ ئێستا کۆتاییهاتبێت و لە نێوان ئەو پێشهاتانەشدا حووسییەکان بەو باوەڕە گەیشتوون، کە لە ململانەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. بەو هەستەیان ئەوەندە بوێرانەبوون، کە هەست بە بەهێزبوون بکەن بۆ ئەوەی لە سنوورەکانی یەمەن تێبپەڕێنن و کردەی سەربازیی لە دەریای سووردا ئەنجام بدەن، کە لە جیهاندا بە یەکێک لە قەرەباڵغترین کەناڵەی کەشتیوانیی دادەندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا حووسییەکان ئامادەی کەمکردنەوەی چالاکییەکانیان نین، بەڵکوو گرینگی زیادتر بە پەرەسەندنی هێرشەکانیان دەدەن.

فەرمان محەمەد
ئیتاڵیا / زانکۆی بۆڵۆنیا

14-4 کێ کــــــــردی بە ڕۆژی ئەنفال؟.. عەلی مەحمود محەمەد

ئەنفال مەرگی خێراو لەسەرخۆی بە ئازاری گەلێك بوو، مەرگێك پرۆسەی روح کێشانەکەی 197 ڕۆژی خایاند، ڕژێم شەوی دەدایە دەم ڕۆژەوە بە قەسابیکردنی لادێنشینەکان کوردستان و سوتاندنی خاك و وێرانکردنی ئاوەدانی و وشککردنی سەوزایی و کانییەکانی و نەهێشتنی مرۆڤێك بە ناوی کوردەوە، لە سەرەتا لە دەرەوەی شارەکان جاڕی کۆمەڵکوژی دا، دوایی ناو شارەکانیشی گرتەوە، سوپای عێراق لە سەرباز و جاش بە خەفیفەو مەفرەزە تایبەتییەکانەوە وەك حەزیایەك لە هەرچوار لاوە پەلاماری تەواوی لادێکانی کوردستانیان دا، ئەوەی ڕزگاری نەبوو لەو ڕۆژەوە بەڵیای بەڵای نەیانمان بینییەوە. هەموو ڕۆژەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنی مەرگە، مەرگەساتەکی پڕ لە وەیل بوو، ڕۆژگارەکانی دواشی ژیانی ناو مەرگەساتەکانی تێپزاو و نگرۆسەلمان، چاڵ و پەناگای گوللەبارانکردنی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان هەموو مێژووییەکی دانەبڕاون لە یەکتر، بە ئەڵقەیەکی هەتا هەتایی پێکەوە گرێدراون، مێژووییەك بوو پڕ لە یاداوەری مەرگ و تاوان، جێی خۆیەتی یادی هەموو ئەو تاوان و کارەسات و قوربانیانە بکرێتەوە کە لەماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئەنجام دران بە ناوی ئەنفال. ئەوەی لە ناوییدا نەژییا بێت، ئەوەی بە چاوی خۆی وێنە ترسناکەکانی تاوان و کارەساتە جەرگ بڕەکانی نەبینیبێت، ئەوەی ئێش و ئازارەکانی بە جەستە و روح نەچێشتبێت، ئەوەی ڕۆژی نەدابێتە دەم شەوەوە بە بینینەوەی خۆشەویستەکانی، گەڕان بە دوای پارچە جگەرەکانی، ئەوەی بە پێی خۆی ڕزگار نەبووبێت و لەو جەهەنەمە نەگەڕابێتەوە، ناتوانێت وینای چیرۆکەکانی ئەو مەرگە ساتە بکێشێت، ئەمە لە خەونی شاعیرانە زۆر دوورترە، ئەمە ئەو جیهانەیە لە وێنای جەهەنەمی ئاینەکان و دۆزەخی عاشقان گەورەترە، ئەمە جیهانەکی تایبەتە کورد ناوی ناوە ئەنفال و مرۆڤایەتیش ناوی ناوە جینۆساید.

خۆ ناشتوانرێت هەموو ڕۆژەکانی ئەنفال، بکرێت بە شین و شەیپوری

یادەوەرییەکانی قوربانیان، چونکە فەزایەك بۆ ژیان، کاتێك بۆ بیرکردنەوە و هەنگاو نان بۆ ئایندە، چرکە ساتێك بۆ بۆ ژیانی دوا ڕۆژ نامێنێتەوە .
لە بیرکردنەوەی یادەوەرییەکانیش مانای لە بیرکردنی تاوان، لە یاد کردنی خیانەت، لە بیر کردنی مێژووی تاڵ و شکستەکانی ڕابردوو دێت، گەلێکیش ڕابردووی غەدر و کارەساتەکانی لە بیر بکات، مانای ڕازیبە بە کوشت و بڕەکانی داهاتووش، مانای ملکەچ دەکات بۆ زەلالەت و قەسابییەکان کەوا چاوەڕوانین، لەبیرکردنی یادەوەرییەکان یانی دەست ئاواڵە کردنی داهاتووە بۆ دوبارە بوونەوەی کارەساتە ترسناکەکان. بۆ ئەوەی لە داهاتوو مەرگە سات و قەسابی کردنەکانی ڕابردووی خۆمان لە یاد نەچێت، بۆ ئەوەی ئێسکەکانمان لە بیابان و ناو حەوزی تێزابەکان دەرکەینەوەو تف لە حەجاج و حەجاجییەکان بکەین، پێویستمان بەوە هەیە لە ڕێگەی یاد کردنەوەی ئەنفالەوە خۆمان وەك گەلێکی بەردەوام لە پرسە و خەبات کەر بۆ دواڕۆژێکی ڕۆشن دانێین، گەلێك ئامادەیی ئەوەی هەیە ڕابردووەکان خۆی وەك ئەوەی هەبووە بخوێنێتەوە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو، ئێمە چاومان لە داهاتووە، بۆیە ڕابردوو دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی داهاتوویەکی ڕون و گەش دابین بکەین و هەڵەکان دووبارە نەکەینەوە، هەرچەندە بوونی تاوانبارانی کورد لە ناومان بەردەوام ئازاری دەروونیمان زیاد دەکات و یادکردنەوەکانمان تاڵتر کەن، بەردەوام ئازارمان دەدەن.

بۆ بەرواری 14-4

شێخ وەسانان و بادینان و سەردەشت یەکەم شارو ناوچە بوون، بەر لێدانی چەکی کیمیاوی کەوتن لە کوردستان، بەڵام هەڵەبجە کرا بە ڕۆژی شەرمەزارکردنی چەکی کیمیاوی لە کوردستان وە چووە لیستی گینزەوە وەك خاوەند زۆرترین قوربانی چەکی کیمیاوی لە جیهان، چونکە قەبارەی زیانەکانی گەورەتر بوو لە هەمووان و تاوانەکە ناسراوتر تربوو لەوانی پێشوتر و دواتر کە هاتن. بر بەرز ڕاگرتنی یادگە، هەموو تاوانێك پێویستە ڕۆژێك هەبێت بۆ یادکردنەوەی، بوونی ڕۆژێکی وا گرنگە بۆ ناوەندیدان بە یادەکە لە لایەن نەتەوەوە بۆ لەبیر نەکردنەوەو سزا دانی بکەرانی، هەروەها گرنگیشە بۆ بەردەوام هەشتنەوەی لە زەینی نەوەکانی داهاتوو و باشتر کردنی باری ژیانی ئەوانەی پەیوەستن بەو تاوانەوە، ئەمە لە پاڵ ئەوەی بەرز ڕاگرتنی یادەوەری بەشەکە لە قەرەبوو کردنەوەی مەعنەوی قوربانیان.

کام ڕۆژ بۆ ئەنفال؟

ئ□نفاليش ب□ه□مان ش□و□ د□ب□ت □□ژ□ك تيايدا دياری بكر□ت ب□ يادكردن□و□ى ئ□و تاوان□ 197 ر□ژيي□ى ك□ ل□ ج□رگ□يدا نزيك ب□ 10% گ□ل□ك□مانى ت□دا كوشت و ب□ كرا، ن□ ي□ك□م □□ژى و ن□ دوا □□ژى ئ□و تاوان□ ل□ رويی مر□يي□و□ ئ□و زيان□ گ□ور□ي□ى ن□بوو□ تا دياری بكر□ن ب□ ناو□ندی □□ژى ياداو□رى، گ□ور□ترين ق□بار□ى تاوان□ك□ ل□پر□س□ك□ ئ□نفالی س□ى گ□رميان□ (دياری كردنی ئ□و ژماران□ى □ژ□م ب□ ش□ش پر□س□ى ئ□نفالی 2 و 3 و 4 و 5 و 6 و 7ى ئ□نفال□كانی دياريكردوو□ ب□ كار□كی باش نازانم، ب□□ك□ ئ□نفال□كان پ□ويست□ ب□ ناوی ناوچ□كانيان□و□ ناو ز□د بكر□ن ل□ داهاتوودا، ه□رچ□ند□ ل□و□شدا گرفت□ك ه□ي□ چونك□ ئ□و پر□سان□ ه□موو ناوچ□ي□ك زياتريات گرت□ت□و□).

ئ□نفالی گ□رميان ك□ ل□ □□ژى □□شى 7 نيسان يادى دام□زراندنی پارتی ب□عس د□ستی پ□كرد و ل□ 20-4 ك□تايی پ□هات، و□ك ب□عس ئاسا د□ندان□ترين ق□ناغی ئ□نفال□كان بوو، ه□رچ□ند□ ل□م شا□او□يان چ□كی كيمياوی ب□كار ن□هات جگ□ ل□ گوندی تاز□ شار و□ك شيمان□ د□كر□ت، ب□ پ□چ□وان□ى ئ□نفال□كانی ديك□، ك□ س□رج□ميان ب□ ل□دانی چ□كی كيمياوی د□ستيان پ□كرد، و□ل□ پ□د□شت□كانی گ□رميان ئ□و جوگرافيا ي□ ن□بوو ب□ ب□ر□و □وبون□و□ى سوپای ب□عس ب□ي□ زيان□كان گ□ور□ بوون، ئ□م□ ل□ پا□ ل□ خشت□بردنی خ□□ك ل□ لاي□ن جاش□كان□و□ ب□ بوونی ل□بوردنی گشتی، ه□ند□ك جار م□لای مزگ□وت□كانيش ك□وتوون□ت□ ئ□و ت□□□ي□و□، ل□گوندی تاز□ شار پ□شم□رگ□كانی ((ي□ك□تی نيشتمانی كوردستان، حيزبی شيوعی ع□راقی)) قوربانی گ□ور□يان دا، ب□□ام ن□توانرا پ□ش ب□ ه□رش□كان بگير□ت، ق□بار□ى سوپای ه□رش ب□ر گ□ور□تر بوو ل□ توانای ب□ر□نگاربوون□و□ى پ□شم□رگ□ و ج□ماو□ر، ك□ پ□شر ل□ دوو پر□س□ى ئ□نفالدا ت□سر□واندنی كاريگ□ريان ب□ر ك□وتبوو و تواناكانيان لاواز كردبوو، زيانی گ□ور□ى ئ□پ□راسي□ن□كانی ئ□نفال ل□پر□س□ى ئ□نفالی گ□رميان و ل□ □□ژ□كانی 13-14-15–4-1988دا بوو، ب□ تايب□تيش □□ژى 14-4، زيان□كانی ئ□و □□ژان□ى تاوان□ك□ گ□ور□ترين و ز□رترين زيان بوون ك□ ب□ س□ي□ك ب□ نيو□ى ك□ى قوربانی□كانی ه□موو تاوانی ئ□نفال م□ز□ند□ د□كر□ت، ش□وی 13ل□س□ر 14 ى 4 بازن□ى ئابلوق□دانی خ□□ك ت□سككرا ي□و□، ك□ ر□ژى دواتر ل□ گوندی مل□ سوور□ ز□رب□ى خ□□ك□ ل□ لاي□ن جاش□كان□و□ ت□سليمكران□و□، ل□و ر□ژان□ ل□ قادر ك□ر□م و س□نگاو ل□يلانيش زيان□كان ز□ر بوون، ل□ □□ژى 14 نيساندا ل□ه□ردوو گوندی مل□سور□و كو□□ ج□ى حاجی ح□م□جان ز□رب□ى خ□□كی ناوچ□ك□ پاش ت□نگكردن□و□ى بازن□ى ئابلوق□ ل□ س□ريان ه□موويانيان ك□كرد□و□ و ئ□نفاليانيان كردن، جاش□كان □□□ى كارايان ه□بوو ل□ ئ□نفالكردنی

ئەو خەڵكە. لەو ڕۆژەدا هەزاران كەس خەڵكی ناوچەكە كە بەشی زۆریان ژن و مناڵ و پیر و پەككەوتە بوون كۆكرانەوە و بە ئیفای سەربازی و تراكتەرو ئەتەمبێلی هاووڵاتییانی ئەنفالكراو گواسترانەوە بۆ سەربازگەی قۆڕەتوو (قۆڕەتوو دەكەوێتە سنوری ناحیەی مەیدانی شاری خانەقینەوە، ئەم ناوچەیە لە دوای ساڵی 1974 ەوە تەعریب كراوە).

پاشماوەی جل و بەرگەكانیان تا ناوەڕاستی نەوەدەكانیش مابوون.

بەم هۆیەوە ڕێكەوتی 4-14 وەك ڕۆژێك تیایدا دەنەدەیی ئۆپەراسیۆنەكانی ئەنفال گەیشتە ترۆپكی تاوان هەڵبژێردرا بۆ ڕۆژی ڕەشی ئەنفال، ڕۆژێك دەیان هەزار هاووڵاتی پاش ئابلوقە دان و قەتیسكردنەوەیان لە ناو بازنەیەكی تەسك لە لایەن جاشەكانەوە لە پێشیانەوە فەتاح بەگی جاف تەسلیم بە بەعس كرانەوە، بۆیە كاتێك 4-14 دێتە پێشەوە دەبێت ناوی ئەو جاشانە لە پێشی پێشەوە بن بۆ دادگاییكردن، ئەگەر تا ئێستاش و دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەكان بەشێكیانی وەك تۆمەتبار بە دادگاییكردن ناساند.

حكومەت لە خەوهەڵسا

دیاریكردنی ڕۆژی 4-14 بە ڕۆژی ئەنفال هەنگاوێكی گرنگ بوو لە سەر دیاریكردنی ڕاستە ڕێگایەكی درووست بۆ بە گەلی كردنی یاداوەری تاوانی ئەنفال و جینۆسایدناسینی و بە مێژووكردنی و هەوڵدان بۆ باشتر كردنی باری ژیای بەجێماوەكانی قوربانیان.

هەموو كات زیان هەتیوەو قازانج باوكی زۆرە، كە بۆ یەكجار داواكرا 4-14 بكرێت بە ڕۆژی ئەنفال، دەستبژێرێكی كەم لە دەوری بانگەوازەكەی كۆبوونەوە، تەلەفزیۆنی ماڵانی بە فەرشرا، ڤیستیڤاڵ لە ڕێكخەرانی تێكدرا، لافیتەی بانگەوازی پەچرایەوە و بڕیاری گرتن بۆ چالاكڤانانی دەركرا، كەسێك خۆی ناكرد بە خاوەندی، وەلێ كە هەوڵی بێپسانەوە و بەردەوامی دەیان كەس كە ناویان هاتووە دەگات بە ئەنجام، لە هەموو لایەكەوە دەڵێن منم، هەموو كات خەڵكانی بەرژەوەند خواست لە دوای هەوڵەكانەوە ئامادەن بۆ دورینەوەی ڕەنجی خەڵكانی خۆنەویست.

دوای 19 ساڵ لە تاوانی ئەنفال، دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی كوردستان، دوای 12 ساڵ لە نووسینەوەی یەكەم بەیانی فەرمی كە تیایدا داواكراوە 4-14 بە ڕۆژی ئەنفال بناسرێت لە كوردستان، هەمان بەیاننامە لە ڕۆژی خۆیدا لە ڕۆژنامەو دەزگاكانی ڕاگەیاندن بە بەربڵاوی بڵاوكراوەتەوە و ئەرشیفكراوە، دوای ئەوەی ترسی هەڕەشەی كەس و كاری ئەنفالكراوەكان و شەرمەزاری بەرپرسان لە نێ

هێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی کەس و کارەکانمان تەقاندیانی، لە بەرواری 4-4 -2007 بەبڕیار لەسەر ئەوە درا 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال بناسرێت، با پێکەوە سەیری ئەم هەواڵە بکەین، ڕۆژی 14ی 4 بە ڕۆژی ئەنفال ناسێنراوە :

” پیشنیوەرەی دوینی 4/4/2007، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عومەر فەتاح جیگری سەرۆکی ئەنجومەن، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد. لەکۆبوونەوەکەدا رەزامەندیی لەسەر پرۆژەی بریاری دانانی رۆژی 14/4ی هەموو ساڵیك بەرۆژی ئەنفالکراوەکان وەرگیرا “.

بۆ نەپرسین دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی کوردستان، زوو نەبوو رۆژێکتان دیاریکرد بۆ رۆژی ئەنفال؟

هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی 14-4 بۆ ڕۆژی ئەنفال

ئەو ڕۆژانەی دەزی ئەنفال جێی گرنگی پێدانی لایەنەکان نەبوو نووسەران و چالاکڤانانی ئەم بوارەش لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمتر بوون، دۆسیەیەکی بێ خاوەند بوو، کەمتر لە راگەیەناندنەکان باسی لەوە دەکرا ئەوەی هەشبوو پەرتوبڵاو بوو، هوشیاری لە بواری دەزەکە زۆر لە خوار بوو. لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵێك چالاکوان و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و دلسۆزی ئەم گەلە، بە سکی برسی و ماندوێتی سەختی ژیانەوە، لە پاش نەبوونی و هەژاری خەمی ئەنفالەکانیان لە کۆل نا و شەویان دایە دەم ڕۆژەوە بۆ بە مێژوو کردنی ئەم تاوانە و دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ یادکردنەوەی دەستەجەمعی، تاکو لەو ڕۆژەدا قورسایی بدرێتە تاوانەکە و ساڵانە لە کات و ساتی خۆیدا یاد بکرێتەوە، ئەو یادەوەرییە نەمرێنرێت، لە بیری تاکەکانی گەلەکەمان بە زیندویی بمێنێتەوەو ببێتە پێچەی ناساندنی لەئاستی جیهانیدا .

پێویستە ئەو مرۆڤە دەسەزانەی کە هەوڵەکانیان بەری گرت بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بۆ ڕۆژی ئەنفال، ناویان بچێتە مێژووی بەگژدا چونەوەی ئەنفال و ئەنفالچییەکان، منیش وەك ئاگادارێکی زۆرتر لە هەر کەسێکی دیکە لە بەشەکی زۆری ئەو چالاکیانە، چەند دێڕێك لەم یادە دەخەمە سەر کاغەز، بە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو ناوانەی بە بێ هیچ هەکارێك لە یادیانم کردووە، ناوەوایە ڕەنجی کەسانێك بە بەمێژوو کردنی ئەنفال هەوڵیان داوە لە یاد بکرێن، بەری ڕەنجی کەسانی دی، هەوڵ و ماندوبوونی کەسانی دی ئەگەر لەگەڵیانیشدا نەبیت لە یاد بکەیت، ئەوانەی بازرگانی بە تاوانەکانەوە دەکەن کاریان ئەوەیە.

ک□ن ئ□وان□؟

پاش گ□□ان□کی وورد ب□ ناو □□ژنام□کانی دوای □اپ□□ین، ئ□و□ی ک□وت□ ب□ر س□رنجم، ی□ک□م وتار ل□ س□ر ئ□و ا□ژ□ نووسراب□ت ب□ اصز ا خ ل□ کوردستانی نوصی ژمار□ 66 نووسیوی□تی، ک□ دوایی ب□ پرسیار ب□م د□ر ک□وت ئ□و ک□سای□تی□ ئازیز□ ناوی ب□اصزی کاك ا□حمان خانیی□ ل□ د□رب□ندیخان، ئ□م□ و□ك ی□ک□م ئاماژ□ دان ب□ ر□ژی 14-4.
□□ژنام□کان ئ□و □□ژان□ باشترین ب□□گ□نام□ن ب□ ئ□و□ی بزانیین ئ□م ه□و□ان□ی دراون ب□ دیاریکردنی □□ژی 14-4 ب□ □□ژی ئ□نفال چ□ند کاریگ□ر بون□و ل□و ر□ژگار□و ج□گای خ□یان گرتو□و گ□یشتوون□ ب□ ج□ی م□ب□ست و توانیویان□ ئ□و داواکاریی□ بس□پ□نن ل□ ئاستی گ□ل و ک□نا□□کانی راگ□یاندنی ئ□وکات.
□□ژنام□کانی کوردستان تاکو سا□ی 1995 ئ□و □□ژ□یان ب□ □□ژی ئ□نفال ن□ناساندوو□، با چاو□ك ب□ چ□پک□ك ناونیشان و مانش□تی □□ژنام□کانی ئ□و کاتان□ بخش□نیین ل□ ر□ژی 14ی چواردا .
کوردستانی نو□ی ژمار□ 66ی ر□ک□وتی 14-4-1992یدا ل□ مانش□ت□ک□ی هاتوو□: (س□رک□وتن□ك ل□گ□□ □ژ□م ب□های ئ□و کاغ□ز□ی ناب□ت ک□ ل□ س□ری م□ر د□کر□ت).
کوردستانی نو□ ژمار□660 ی ر□ک□وتی 14-4-1994، ل□ مانش□ت□ک□یدا هاتوو□(ب□یانام□ی م س ینك ب□ ب□ن□ی ک□چی دوایی ه□قا□ □□سو□ م□م□ند)، ل□ ئیتحادی ژمار□ 75 ی ر□ک□وتی 16-4-1994 یش ه□مان باب□ت□ .
الاتحادی ژمار□ 127 ر□ک□وتی 15-4-1995 ل□ مانش□ت□ک□ی هاتوو□، (امریکا قلق□ علی حقوق الانسان خصوصا فی اقلیم الکردی بترکیا).
- هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل بە شکستی ئەو ولاتە کۆتای هات و سەرەنجام بۆ ئێران و هەموو هێزە هاوسۆزەکانیشی سەلمێنرا کە موشەکەکانی ئێران ناتوانێ بەسەر تەکنەلۆجیای ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیا زاڵبێت.
- ترسی ئێران لەو کارەی و کاردانەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا هەندە زۆربوو هێشتا موشەکەکانی ئێران بە ئاسمانەوە بوون کە ئێران ڕایگەیاند ئەوان کۆتاییان بە هێرشیکە هێناوە ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئێران ئەوە ئەزانێ کە تەکنەلۆجیای سەربازی ئەو وڵاتانە توانای خستەنخوارەوەی موشەک وهێزە دەریایی و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیلی نییە.
- بەم کاردانەوە و هێرشە هەڕەشەیەی ئێران هاوکاری و سودێکی زۆری بە ئیسرائیل گەیاند و جارێکی تر کردیەوە بە مناڵە خۆشەویستەکەی ڕۆژئاوا.

ئیسرائیل:

ساڵانێکە ئیسرائیل بە چەندین هۆکار لە هەوڵی ئەوەیایە کە ئێران لە شەڕێکی ڕاستەوخۆ تێوەگلێنێ لەبەرچەن هۆکارێک:

- تا بتوانێ ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر پێگەی چەکە ئەتۆمییەکانی ئێران و کۆتای بە دڵەڕاوکەی بەدستهێنای چەکی ئەتۆمی ئەو وڵاتە نەیارەی خۆی بهێنێ.
- تا جبەخانەی موشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران پشانی جیهان بەگشتی و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو بات کە ئێران چ جبەخانەیەکی کۆکردۆتەوەو چەندیش مەترسییە بۆ سەر جیهان بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو.
- ئیسرائیل توانی پشتگیری بێ مەرجی ڕۆژئاوا و زۆربەی وهەرەزۆری وڵاتانی جیهان بەدستبهێنێتەوە و ئەوەش بە ئێران و هەموو ئەوانە بسەلمێنێ کە بەهەڵە لە لێکدانەوەیان بۆ پشتگیری مرۆڤدۆستانی جیهان بۆ خەڵکی سیڤیل غەزە ئەکرد.

- لە دوای هێرشە تیرۆرستییەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی ئیسرائیل کار بەئەوە ئەکا بیسەلمێنێ کە بزوتنەوەی حەماسی فەلەستین باڵی ڕانەگەینراوی سوپای قودسی ئێرانەوە، بۆیە ئیسرائیل کار لەسەر ئەوە ئەکات کە خودی ئێران ڕاپێچی جەنگێکی ڕاستەوخۆ بکات لەبری هاوسۆزەکانی، لەمەشا سەرکەوتوبوو.
ئیسرائیل بە وەڵام نابێ، چونکوم لەلای ئیسرائیل کار بەو هاوکێشەیەک ئەکرێ کە لاوازی بەواتای نەمان و کۆتای ئەو وڵاتەیە بۆیە وەڵامیان ئەبێت، ئەستاش کاتە گونجاو ئاڵتونییەکەی ئیسرائیلە کە هێرشی ڕاستەوخۆ بە پەردە بکاتە سەر پێگە ئەتۆمییەکانی ئێران و تواناکانی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازبکات، هەر ئەوەشنا بگرە ئەگەر بەگونجاوی بزانن دوورنییە هێرش بکەنە سەر مۆڵگەی موشەک و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان و ژێرخانی ئابوری ئەو وڵاتە و تونای سەربازی و ئابوری ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازبکەن بەڵام ئەم کارە بەبێ گڵۆپی سەوزی ئەمریکا نابێ و ناکرێ.
ئەگەر بەهێزەکە ئەوەیە کە ئیسرائیل هێرشی سایبەری بکاتە سەر ئێران ولە ڕێگەیەوە زیانی زۆر و گەورە بگەیەنێتە ئێران و لەم کارەشا پێویستی بە گڵۆپی سەوزی ئەمریکی نییە و لە هەمانکاتیشا ئەتوانێ سود لە تواناکانی کۆی وڵاتانی هاوپەیمانی خۆی وەرگرێ بەبێ ئەوەی توشی کاردانەوەی ئێرانیان بکات.

:USA
لەبەر ئەوەی ئەمریکا و وە بەتایبەتی دیموکراتەکان و جۆن بایدن هەلبژاردنیان لە پێشە کار بە ئەوە ئەکەن کە کارلەکار نەترازێت و ئیسرائیل وەڵامی نەبێ، هەروەک چۆن لە پێشووتریشا هەوڵی زۆریان ئەدیا کە ئیسرائیل هێرشی سنوردار بکاتە سەر کەرتی غەزە، چونکوم بەشی هەرە زۆری دەنگدەری عەرەب و ئیسلامەکانی ئەمریکا دەنگ بە دیموکراتەکان ئەیەن بە نمونە ولایەتی “میشیگان”، وە بەشێوەیەکی گشتیش بنکەی جەماوەری دیموکراتەکان دژی هەلگیرسانی جەنگ و تیوەگلانی ئەو وڵاتەن.
لە ئەگەری تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگێکی ڕاستەوخۆ یا لە بەرژەوەندی دیموکراتەکان و جۆن بایدن نییە و کارەکە لە بەرژەوەندی دۆناڵد ترامپ و کۆمارییەکان کۆتاییەت، لەبەر ئەو هۆکارە لە ئێستایا تیمەکەی جۆن بایدن هەوڵێکی زۆرئەیەن کە ئیسرائیل وەڵامی نەبێ، بەڵام:

سترایجی قوڵی ئەمریکا و بەرژەوەندی ئەو وڵاتە شتێکی ترەو لەسەرو جۆن بایدن و هەڵبژاردنەکانەوەیە و پاراستنی ئیسرائیل بۆ ئەوان پاراستنی ڕاستەوخۆی ئەمریکایە و نەمانی ئیسرائیل نەمانی کۆتای بەرژەوەندییەکانیەتی ئەو وڵاتەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بگرە ئاسیا و بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش.
ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هیچ بژاردەیەکی تریان نییە جگە لەوەی کە پاڵپشتی سەربازی و ستراتیژی ئیسرائیل بکەن و شەوی ڕابردووش بەکردار ئەوەیان سەلمان.
ئەمریکا خودی خۆی هێرشی ڕاستەوخۆ ناکاتە سەر خاکی ئێران بەڵام چەن کارەکیتری زۆر گرنگ و یەکلایکەرەوە بە ئیسرائیل ئەکا، **لەوانە:**
١. هێرش ئەکاتە سەر هەر هێزێکی هاوسۆزی ئێران کە بیانەوێ زیان بە ئیسرائیل بگەیەنن.
٢. سنوری ئیسرائیل ئەپارێزن و ڕێگەنایەن هیچ موشەک و فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان ببێتە هەڕەشە بەسەر ئاسایشی ئیسرائیل.
٣. چەک و جبەخانەی زۆر و بەهێز و نوێترین تەکنەلۆژی ئەگەیەنێنە ئیسرائیل کە ئەبێتە هۆکاری یەکلاکەرەوە لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی ڕاستەوخۆیا.
٤. دروستکردنی هاوپەیمان دژی ئێران و توندکردنەوەی گەمارۆی ئابوری لەسەری.

G7:
کەی ئەو وڵاتانە پشتگیری خۆیان بە ئیسرائیل ڕاگەیاند و ئەمەش هەنگاوێکی ترە کە بەسودی ئیسرائیل و شکستی ئێران ئەشکێتەوە، ئەمە لەکاتێکایە کە پێش هێرشیکەی دوێنێ شەوی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کەی ئەو وڵاتانە هەڵوێستێکی جیاوازتریان هەبوو بەرامبەر شێوازی مامەڵەکردن و جێبەجێکردنی پلانی سەربازی ئیسرائیل لە غەزە، بەڵام کورتبینی ئێران ئەم هاوکێشەیەی پێچەوانە کردەوە و گۆڕانیەوە سەر ڕێچکەی پێشوو و هەمیشەیی خۆی.

وڵاتانی کەنداو:
وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە سیاسەتێکی زۆر زیرەکانە پەیڕەوئەکەن و خۆیان تێوە ناگلێنن.
سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، عومان و کوەیت تا ئاستێک یەک ستراتیژ و یەک سیاسەتیان هەیە و لەسەرەتای هێڕشە تیرۆرستیەکەی حەماسەوە بۆ سەر خەڵکی سقیلی ئیسرائیل ئەوان بێدەنگن، ئەگەرچی ناوبەناو سەرکۆنەی کوژرانی خەڵکی سقیل ئەکەن لە کەرتی غەزە بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی وایان نییە بەرامبەر ئیسرائیل کە ببێتە هۆکاری

خراپبوونی بەرژەوەندییەهاوبەشەکانیان لە بەر چەن هۆکارێک:

١. ئەوان بزوتنەوەی حەماس، حیزبوڵای لوبنانی، حوسییەکانی یەمەن و هێزە شیعیە یاخیەکانی ئێراق بە باڵی سەربازی ئێران ئەزانن و ئێرانیش نەیاری سەرسەختی ئەو وڵاتانەیە و سەرکەوتنی ئیسرائیل لە بەرژەوەندی ئەوانیشە.

٢. حەماس، حیزبوڵای لوبنانی، حوسییەکانی یەمەن و هێزە شیعیە یاخیەکانی ئێراق چەن هێزێکی ئیسلامی جیهادین کە ئەوان بە نەیاری بەرژەوەندیە سیاسیە ناوخۆیەکانی خۆیانی ئەبینن.

٣. بەهێزبوونی ئێران بەواتای لاوازی ئەوانە.

٤. سەرکەوتنی ئێران ئەبێتە هۆکاری دەستبەسەراگرتنی سنورە ئاویە هاوبەشەکان و سەرەنجام پاشەکشەی ئابوری ئەو وڵاتانەی لێئەکەوێتەوانە.

٥. ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلێکی بەهێزا بە ئەوان گرنگتر و ستراتیژی ترە لە ئێرانێکی نەیاری شیعی ودژ.

٦. وڵاتانی کەنداو ئامادەنین دەست لە پرۆژەی ئاشتەوایی ئاینە ئیبراهیمیەکانی نێوان ئەوان و ئیسرائیل هەڵگرن و بگەڕێنەوە چوراگەشەی یەکەم.

ڕوسیا:

ڕوسیا گەورەترین سودمەندی کۆی ئەم هەموو پشێوی و جەنگە نەخوازراوەی ناوچەکەیە چونکە سەرنجی کۆی جیهان لە ئۆکرانیاوە گواستراوەتەوە بە ئیسرائیل-غەزە و ئیران. لە ئەگەری فراوانبوونی جەنگەکەیا ڕوسیا دەسی واڵا ئەبێت کە جەنگی ئۆکرانیا-ڕوسیا لە بەرژەوەندی خۆی کۆتای پێبهێنێت و هەژموونی خۆی بەسەر ئەوروپایا بسەپێنێ.

هەرێمی کوردستان:

ئەزموونەکان ئەوەیان سەلمانووە کە کورد و کوردستان هیچ بەرژەوەندیەکی ستراتیژی و درێژخایەنی لەگەڵ هیچ وڵاتێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیا نییە بەڵکو کۆی ئەو وڵاتانە کورد و خاکەکەشی لە بەرژەوەندی خۆیان بەکارئەهێنن، بۆیە گرنگە کورد بە دووریەکی یەکسان لەکۆی لایەنەکانی ئەو جەنگانە بوەستێ و بگرە هەوڵبدا باشترین پەیوەندی لەگەڵیانا هەبێ و کاربکا بۆ دروستکردنی بەرژەوەندی ستراتیژی بەجۆرێک کە زلهێزەکان و وڵاتانی هەرێمی پاراستنی کورد و کوردستان بە بەشێک لە ئاسایش و بەرژەوەندی خۆیان ئەژمارکەن، نمونەی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیلی ئەکەن.

گرنگە کورد بەگشتی بە تایبەتی هەرێمی کوردستان لەناوخۆیا یەک و

یەکگرتووبێ و دەست بەناوەڕاستی گوریسەکەوە بگرێ.

سامانی وەستا بەکر
١٤-٤-٢٠٢٤ سوید-ستۆکهۆڵم

ئاو سێبەرە.. شیعری فەرهاد کەریم

مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە باوەشی ئاوە و دوواندنی سێبەری خۆی
بۆ هات و چوون رووبار ئەو شوێنەیە ژیان مەلەی تێدا دەکا
مەراق لە رابردوو و ئێستا مەخۆ لە گەل رووبار پیاسە
داهاتوو ئاوەدان بەتاڵیت دەیبا ئاو
مرۆڤی بێ سێبەر رابردووی پڕ ئەستێرەیە و داهاتووی شەو
شوێن هەیە بەردی لێ دەبارێ
باڵندە ئازادترە لە من
ماسی حەزی بە سەفەر نیە لە گەل تۆ
مرۆڤ بۆ دارستانیش بدوێ بوونەوەرەکانی نەخۆش دەکەون
گەر دەتەوێ بژیت لە ئاو نزیکبەو نوێژکە
هەمیشە حەزدەکەم وەک ئاو بڕوا سێبەرم
گەر کەوت رێینم راستکەمەوەو راستتر بڕۆم تا خوار نەبێ و لار نەبم
هەندێجاریش ڕێدەم پێشم کەوێ بۆ جوانی خۆم
بەر لەوەی ئیش لە سەرخۆم کەم ئیش لە سەر سێبەرم
گەر لێم ونبوو لە دەرگای ماڵەوە دا
دەترسم بە هاوڕێیەتیم ماندوو لە گەل ئاو بڕوا
ماڵەوە تاریک بێ سێبەر نازانم بڕۆم بە رێدا
بێ سێبەرەکەم تەنیام و ئاو دەمبا
ڕۆیشتن لە گەل ئاو خۆشترە لە تەنیایی
ئاو جێت ناهێڵێ
ئاو دەتبا و سێبەرت گەورە
مرۆڤ فێر نەبووە بژیت
سێبەری خۆی نابینێت
تەنیایە و تەنیایی خۆی نا ناسێت

مرۆڤ ماسی و کۆتر و گوڵ و درەخت و سەگ و ئاسمان و ئەستێرە و سێبەر نا ناسێت
مرۆڤ خۆشی نا ناسێ و نازانێ مرۆڤە،
مرۆڤ مرۆڤە و سێبەری خۆی نادوێنێ
مرۆڤە مرۆڤ دژە بە خۆی
من سێبەری خۆم خۆشدەوێ وەک ئاو دەڵوا قاچی ناشکێت
من خۆم خۆشدەوێ وەک ئاو دەڕۆم قاچم ناشکێت
ئاو ژیانە وەک ئاو بێ ژیانت ناشکێ و سێبەرت ژان ناکا
رۆیشتن وەک ئاو جوانە وەک کۆتر
رۆژباش لە سێبەرەکەت کە
با ئاو وەک کۆتر بفڕێ و
کۆتر وەک ئاو بڕوا

خەڵاتگرانی خەڵاتی نۆبڵی منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٤.. رێزا شوان

دوو ساڵ جارێک لە (کۆپنهاگن) ی پایتەختی دانیمارک، یان لە پایتەختی وڵاتێکی تر. بە بۆنەی یادی رۆژی لەدایکبوونی، کەڵەنووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان (هانز کریستیان ئەندەرسین) کە بە (باوکی چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵان) لە جیهاندا ناسراوە. دوو خەڵاتی بەنرخ، کە بەرزترین خەڵاتی نێودەوڵەتییە لە بواری ئەدەب و کتێبی وێنەیی بۆ منداڵان. کە بە (خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسین) یان بە (خەڵاتی نۆبڵی منداڵان) یان بە (خەڵاتی نۆبڵی بچووک) یش ناودەبرێت. خەڵاتەکانیش بریتین لە (دوو مەدالیای زێڕ ـ وێنەی هانز کریستیان ئەندەرسین) یان بەسەرەوەیە، لەگەڵ (دوو بڕوانامەی دپلۆم) لە ئاهەنگێکی شایستەدا، پێشکەش دەکرێن بە باشترین نووسەری کتێبی منداڵان و بە باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی کتێبی منداڵان، کە لە ماوەی دوو ساڵی پێشووتردا، باشترین کتێبی بە منداڵان نووسیوە و

وێنەکێشێک کە جوانترین کتێبی وێنەیی بۆ منداڵان کێشاوە و چاپیان کردوون. لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن. کتێبەکانیش لە لایەن رێکخراوی (ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی بۆ کتێبی گەنجان) کە کورتکراوەکەی (ئی بی بی وای) یە، ئەوان کتێبەکان هەڵدەسەنگێنن و هەڵیاندەبژێرن و لەوانەیە ماوەی ساڵێکی پێبچێت. سەرجەمیش کارەکانی نووسەران و هونەرمەندە کاندیدکراوەکان، بە درێژی ژیانیان بۆ منداڵان لەبەرچاودەگرن. تا شایستەی وەرگرتنی ئەو دوو خەڵاتە بن، ئینجا بڕیار لەسەر براوەی هەردوو خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسین دەدەن و ناوی براوەکان رادەگەیەنن. لە ساڵی (٢٠٠٩) وە، خەڵاتەکان بە سپۆنسەری کۆمپانیای دورگەی نامی لە کۆریای باشوور دەدرێت. مەبەستیش لە پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتانە، رێزگرتن و پێزانینە بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی، کە هانز کریستیان ئەندەرسین — دانیمارکی، لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا پێشکەشی کردووە، کە تا ئەمڕۆش منداڵان لە هەموو جیهاندا، چێژێکی زۆر لە خوێندنەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی وەردەگرن.

(خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسین) بەناوبانگترین و بەرزترین خەڵاتی نێودەوڵەتییە لە بواری ئەدەب و کتێبی وێنەیی بۆ منداڵاندا. بەڵام ئەم خەڵاتە پارەی لەگەڵدا نییە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٥٦) دا. لە لایەن ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی بۆ کتێبی گەنجان، لە سویسرا، پێشنارکرا و بڕیاریان لەسەر بەخشینی ئەم خەڵاتە دا، بە باشترین نووسەری کتێبی منداڵان. یەکەم نووسەری براوەی ئەم خەڵاتەش، خاتوو (ئیلیانور فارگیون) ی بەریتانی یە، لە ساڵی (١٩٥٦) دا ئەم خەڵاتەی بەدەستیهێنا. هەر لە لایەن هەمان ئەنجوومەنەوە، لە ساڵی (١٩٦٦) وە، بڕیار لەسەر بەخشینی ئەم خەڵاتە، بە باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی کتێبی وێنەیی بۆ منداڵان درا. یەکەم هونەرمەند کە ئەم خەڵاتەی بردەوە، وێنەکێشی سویسری (ئەلویس کاریگیت)ە. لەو ساڵانەوە تا ئێستا، هەر دوو ساڵ جارێک، ئەم دوو خەڵاتە، لە یەک رۆژدا دەیانبەخشن، بە باشترین نووسەری ئەدەبی منداڵان و بە باشترین وێنەکێشی کتێبی وێنەیی بۆ منداڵان، لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن. چونکە وێنە تەواوکەری تێکستی ئەدەبی منداڵانە. زۆر جاریش وێنە زیاتر لە تێکست، سەرنجی منداڵان رادەکێشێت و ئاسانتر پەیام و ئامانجی نووسینەکە بە منداڵان دەگەیەنێت.

خەڵاتی ئەمساڵ (٢٠٢٤) ی هانز کریستیان ئەندەرسین، دەدرێن بە

باشترین نووسەری کتێبی منداڵان، بە چیرۆکنووس و رۆژمانووسی بەناوبانگی نەمساوی (هاینز جانیش) لە بواری ئەدەبی منداڵان و مێرمنداڵان. خەڵاتی باشترین وێنەکێشی کتێبی وێنەیی منداڵان، دەدرێت بە هونەرمەندی وێنەکێشی بەناوبانگی کەنەدی (سیدنی سمیس). کە لە لایەن لیژنەی شارەزا و تایبەتی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی بە کتێبی گەنجان، کە خاتوو (لیز پاگ) ی سەرۆکی لیژنەی دادوەری خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسینە بۆ ساڵی (٢٠٢٤). لە لە رۆژی (٨/ نیسان/ ٢٠٢٤) دا، لە کاتی کردنەوەی پێشانگای خولی (٦١) ی کتێبی نیودەوڵەتی بۆ منداڵان لە پۆڵۆنیا. لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، ناوی هەردوو براوەی خەڵاتی هانز کریستیان ئەندرسین بۆ ساڵی (٢٠٢٤)ی راگەیاند. کە نووسەری نەمساوی (هاینز جانیش) و وێنەکێشی کەنەدی (سیدنی سمیس)ە.

لە کاتی کۆنفرانسی (٣٩) یەمی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی بە کتێبی گەنجان، کە لە (١ئاب/ بۆ/٣٠ ئەیلوول/ ٢٠٢٤) لە شاری (تریستا) لە ئیتاڵیادا دەستپێدەکات. لە ئاهەنگێکی شایستەدا،خەڵاتەکان (مەدالیایەکی زێڕ و بڕونامەی دپلۆمی رێزلینان) پێشکەشدەکرێن بە هەردوو براوەی خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسین.

شایەنی باسە (٥٩) نووسەر و وێنەکێش لە (٣٣) وڵاتانی جیهانەوە بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، کاندیدکرابوون. (١٠) نووسەر و وێنەکێشیشی شارەزای بواری ئەدەب و هونەری منداڵانیش، لە (١٠) دەوڵەتی جیهان، وەک ئەندامی لیژنەی دادوەری بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر باشترین کتێبەکانی کاندیدە هەڵبژیراوەکان، بە سەرۆکایەتی خاتوو (لیز پاگە) سەرۆکی دەستەی دادوەری، نوێنەرەکانیان ئەم لیژنەیەن. دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕ لە کتێبە کاندیدکراوەکان، بە زۆرینەی دەنگەکانی ئەم لیژنەیە، لە لیستێکی کورتکراوەدا (٦) نووسەر و (٦) وێنەکێشیان لەو (٥٩) نووسەر و وێنەکێشانەیان هەڵبژارد. لە دوایدا لەو لیستە کورتکراوەدا، باشترین نووسەری کتێب و باشترین وێنەکێشی کتێبی وێنەیی بۆ منداڵانیان هەڵبژارد.

کە نووسەری نەمساوی (هاینز جانیش) و وێنەکێشی کەنەدی (سیدنی سمیس)ە.

پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان بۆ کاندیدکردنی باشترینی دوو کتێب، بریتین لە:"کوالیتی جوانکاریی هونەری و ئەدەبی، لەبەرچاوگرتنی کاری تازەگەری و جیاوازی و داهێنەرانەی هەر پاڵێوراوێک، توانای بینینی دیدگای منداڵان و

فراوانکردنی کنجکاوییەکانیانی هەبێت. گرنگی بەردەوامی کارکردنی بە منداڵان و بە گەنجان هەبێت. بەخشینی خەڵاتەکە بەندە بە تەواوی کارەکانی ئەو نووسەرە و ئەو وێنەکێشەوە لە ماوەی ژیانیاندا، کە خەڵاتەکان دەبەنەوە”.

حەزدەکەین کە ئەوەش بزانن، کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کتێبی گەنجان، لە ساڵی (١٩٥٣) دا دامەزرا، کورتەی ناوەکەی (ئی بی وای) ە. ڕێکخراوێکی خۆبەخشی سوودنەویستە. ئەندامەکانی سەر بە زۆربەی وڵاتانی جیهانن. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە، لە بەخشینی خەڵاتی هانز کریستیان ئەندەرسین. پشتگیری و هاندانی نووسەران و وێنەکێشانی بواری ئەدەبیات و هونەری وێنەکێشانی منداڵانە. بە پێشکەوتن و بە داهێنان لەم دوو بوارەدا، لە هەموو جیهاندا بەبێ جیاوازی.

زۆر بە کورتی هەردوو براوەی خەڵاتی ئەمساڵی هانز کریستیان ئەندەرسین، بناسن.

هاینز جانیش براوەی خەڵاتی نووسەری باشترین کتێب بۆ منداڵان:

(کیندەربۆتچوتور هاینز جانیش) لە ناوەندی ئەدەبیدا بە (هاینز جانیش) خۆی ناساندووە. نووسەرێکی بەناوبانگ و گەورەی نەمساوییە، لە بواری نووسینی چیرۆک و ڕۆمان بۆ منداڵان و مێرمنداڵان. چەندین کاری ئەدەبیی چاپکراوی هەیە.

جانیش ڕۆژنامەنووسێکی کۆن و نوێی رادیۆیە. سەرنووسەری گۆڤارێکی منداڵانە. نووسەری چەندین کتێبی وێنەیی و کتێبی شیعر و شانۆ و سیناریۆیە بۆ منداڵان.

چەندین پارچە شیعری بە سەمای شانۆیی نووسیوە.

هاینز جانیش، لە زانکۆی ڤیەنا، بەکالۆریۆسی زمانی ئەڵمانیدا وەرگرتووە.

هاینز جانیش، لە ساڵی (١٩٦٠) لە (بۆرگنلاند) لە نەمسا لەدایکبووە. کە نزیکە لە سنووری (هەنگاریا) وە. لە ئێستادا لە شاری (ڤیەنا) ی پایتەختی نەمسا دەژی.

هاینز جانیش هەمیشە جەخت لەسەر ئەو قسەیەی دەکاتەوە، کە بەلایەوە:

“لە ئەدەبدا هیچ شتێک زۆر بچووک نییە”.

بەپێی قسەی لیژنەی داوەری بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی کاندیدەکان، هاینز جانیش بە مامۆستا کورتە چیرۆک دادەنرێت.

بەپێ خەیاڵی خوێنەرانیش، هاینز لە کتێبە کورتە چیرۆکەکانیدا، ماوە بۆ گوزارشتکردن جێدەهێڵێت. بەشێک لە کارەکانی کۆمیدین. بەڵکو هەندێک جاریش گەمژانەن. لە زۆر لە

نووسینەکانیشیدا، دەقەکانی سادەن و توخمەکی فەلسەفییان هەیە. نووسینی کتێبەکەی (کەمتر زیاترە) لە لایەن هاینز بۆ منداڵان، بوو بە خەڵاتگری خەڵاتی هانز کریستان ئەندەرسین، بۆ باشترین نووسەری کتێبی ئەدەبی بۆ منداڵان، بۆ ساڵی (٢٠٢٤). ئەم کتێبەکەی وەریانگێڕاوە بۆ سەر چەند زمانێک. لە زۆر شوێنی جیهاندا، بۆتە هۆی سەرسامی منداڵان و گەنجان.

هاینز ئارەزوویەکی گەورەی بە ئەدەب و نووسین هەیە. بێجگە لە کتێبەکانی، چەند وۆرک شۆپێکی دەربارەی ئەدەب و داهێنان بۆ منداڵان و گەورەساڵان و بە کاری داهێنەرانە، بۆ هونەرمەندانی گەنجی خاوەن پێداویستیی تایبەتییەکان ئەنجامداوە.

جانیش لە نەمسا و لە دەرەوەی نەمسادا، چەندین خەڵاتی بەرزی بەدەستهێناوە.

سیدنی سمیس براوەی خەڵاتی باشترین کتێبی وێنەیی بۆ منداڵان:

(سیدنی سمیس) هونەرمەندی وێنەکێشی بەناوبانگی کەنەدییە، لە ساڵی (١٩٨٠) لە گوندی (نۆڤا سکۆتیا) لە کەنەدا لەدایکبووە.

دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە شاری (تۆرۆنتۆ) ژیانی بەسەربرد، لە ئێستادا لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕاوەتەوە بۆ زێد و پارێزگاکەی خۆی.

لیژنەی دادوەریی بە هەڵبژاردن، ئاماژەیان بەوەکرد کە:

کارەکانی سیدنی سمیس، لە گێڕانەوەی بینراوی یان یادەوەرییەکی کورتی موزیکی دەچن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی قسەکەیەتی کە:" گوێگرتن ئەوە.. شێوازی مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ چیرۆکەکاندا" وا دەردەکەوێت کە تەکنیکی سادە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانی بەکاردەهێنێت. لە راستیشدا ئەمە لە ئەنجامی پراکتیک و ئەزموونێکی چڕەوە هاتوون. کە کەسایەتییەکانی خاکین، بەڵام لە ڕاستی و ڕەسەنایەتیدا، هاوسۆز و میهرەبانن. بۆیە ڕەنگەکان بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت، کە سروشت و بۆن و دراما بخاتە هەر کتێبەکەوە. هەروەها دەکرێت وتەی (کەمترە زیاترە) بە کارەکانی پراکتیزە بکرێت. ئەمەی کوریش دەڵێین: (نەخت و پوخت.. نەک زۆر و بۆر).

چونکە سمیس حەز لە زیادەڕۆیی ناکات. سیدنی سمیس، بەڕاستی هونەرمەندێکی وێنەکێشی بەرزی جیهانی یە. لە ساڵی ٢٠٢٢شدا، بە خەڵاتی هانز کریستیان کاندیدکرا. خۆشی چەند کتێبێکی چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە و بە وێنە رازاندوونیەتەوە.

تا ئێستا لە کەنەدا و لە ئەمریکادا چەند خەڵاتێکی بەرزی لە بوارەکەیدا بەدەستهێناوە.

ئەمساڵ (٢٠٢٤) سـندنی سمیس، وەک باشترین وێنەکێش کـتێبی وێنەیی بۆ منـداڵان، بە وەرگرتنـی خەڵـاتی هـانز کریسـتیان ئەندەرسـین (خەڵاتی نـۆبـڵی منـداڵان) هەڵیانبژارد. سـیدنی سـمیس یەکـەم کەنـەدییـە، کە ئـەم خـەڵاتـەی بەدەستهـێنـا.

(*) بۆ نووسینی ئەم بابـەتە، سوودم لە چەنـدیـن سایـتی ئینگـلیزی وەرگرتـووە.
دوبـەی: ٢٠٢٤

سـۆناتای بێـدەنگی.. سـتیڤان شەمزینی

بێدەنگی جوانترین جۆری وتنە
دنیام نقومی بێدەنگییە
وشەکانم ورتەیان لێوە نایە
ئاوازەکانم زاریان بەستراوە
گۆرانییەکانم هەر هەموو کپن
شیعرەکانم بێدەنگی دایگرتوون
ڕەشەباکانم بێ لرفە هەڵدەکەن
تۆفانەکانم زمانیان گۆ ناکات
ئەوەی لەم کاتەدا
بە دەنگی بەرز هاوار ئەکات
کتێبی هەستمە و
خۆشەویستی تۆی تێدا نوسراوە
هەموو شتێکم بێدەنگە
خۆم پارچەیەکم لە خامۆشی
دڵیشم جانتایەکی شەڵاڵی سکونە
کاتێک تۆ دەیکەیتەوە
هەموو کەشکۆڵان پڕ دەکات
لە بۆنی عەتری خۆشەویستی

ک□ ن□توانم ب□ با□ی خ□ند□ی□ک
ب□ ئاسمانی پ□ک□نین□کانتدا بف□م
توانام ن□ب□ت ب□ م□م□ک□و□
ب□ناو تخوبی پرچ□کانتدا ر□ت بم
د□س□□اتم ن□ب□ت ب□ دوو چاوی س□وز□و□
ل□ م□رگی ب□هاریی ر□حت ب□وانم
ب□ ح□پ□ساویی ل□ ئاسمان رابم□نم و
ئ□ست□ر□ی خ□ش□ویستیم ب□ ن□د□زر□ت□و□
ب□د□نگی ق□ش□نگترین د□رب□ین□
تا ت□ د□رگای خ□ون□کانم
ب□□وودا وا□ا ن□ک□یت
با□ی شیعر□کانم ناکر□ن□و□
تاکوو د□م
ب□ ر□حت□و□ ه□□ن□واسر□ت
شیل□ی ماچ□کانم
ب□ ل□وت□و□ وشک ن□ب□ت□و□
“تا”ی ئ□م ب□د□نگیی□ ب□رم نادا
ب□و خاچی ب□د□نگیی□و□ دامبگر□
وا دنیام کرد□
ئ□قیانووس□ک ل□ فرم□سک

وان□ی ب□د□نگیم
ل□ قوتابخان□ی خ□ش□ویستیدا خو□ند
چیر□کی ب□د□نگیم
ل□ چاو□ ش□رمن□کانی ت□دا نوسیی□و□
ش□و□ ب□د□نگ□کانم
ل□ ن□و د□ی پ□ گ□رد□لوولتدا خ□واند
ن□مامی ب□د□نگیم
ل□ ناو زاری خ□مدا رواند
تا ل□ حیکم□تی ب□د□نگیم ت□ن□گ□یت
ع□شقی منت پ□ ناد□زر□ت□و□
ل□ پ□نج□ر□ی ب□د□نگیی□و□
س□مای ش□تان□ت چاو د□ک□م
ت□ش ب□ ب□د□نگیی

لـ□ توانـ□و□ی من د□□وانـیت
چاو□□□ی ئـ□و□ ناکـ□یت
بـ□ وتـنی خـ□شم ئـ□و□ی
ر□ژووی بـ□د□نگیم بشکـ□نم

سکا□ا .. پشکـ□ ناکام

...... دوا بـ□دوای مژد□ی □یفـ□اند□م و پ□ک هـ□نـانی د□و□□تی کوردی!! خـ□شترین مژد□ بـ□ کورد ئـ□و□یـ□ کـ□ بـ□ ئاسانترین شـ□و□ □□گای بـ□هـ□شتی بـ□ کورت کراو□تـ□و□ و لـ□سـ□ر د□ستی پـ□نجـ□م خـ□لیفـ□ی ئیسلام ئـ□مـ□□ هـ□ر موسـ□مانـ□کی کورد زمان بـ□ تـ□نها شـ□ش سـ□د و پـ□نجا د□لار ! بـ□هـ□شت مسـ□گـ□ر ئـ□کا و لـ□ شـ□قی مـ□حکـ□مـ□ی □□ژی قیامـ□ت نـ□جاتی ئـ□بـ□ و بـ□بـ□ سـ□ر□گرتن بـ□ یـ□کلایی کرنـ□و□ی کـ□یسـ□کـ□ی کـ□ لـ□وانـ□یـ□ چـ□ن مانگ یان چـ□ن سا□□ک بخایـنـ□ ، بـ□ کـ□ینی بـ□رما□□ک لـ□ مزگـ□وتی بـ□هـ□شت بـ□ تـ□نها ٦٥٠ د□لار بلیتـ□کی چوونـ□ بـ□هـ□شت مسـ□گـ□ر ئـ□کا و بـ□ ئـ□و□ی ز□رترین موسـ□مان لـ□و نیعمـ□ت و خـ□ر□ ئیلاهییـ□ بـ□ بـ□ش نـ□بن لـ□وانـ□یـ□ حـ□جمی هـ□ر بـ□رما□□ک بچووک بکر□تـ□و□ بـ□ نیو□ی ئـ□و□ی ئـ□ستا و دووریش نیـ□ هـ□و□ نـ□در□ بـ□ دروست کردنی بـ□رما□□ی دوو یان سـ□ قاتی... بـ□□ام چـ□ن گرفتـ□ک □وو بـ□□ووی کـ□یارانی بلیتـ□کـ□ی بـ□هـ□شت بوونـ□تـ□و□ کـ□ ئـ□گـ□ر چار□سـ□ر نـ□کر□ □□نگـ□ گـ□شتـ□کـ□ی بـ□هـ□شت وا ئاسان نـ□بـ□ ، یـ□کـ□م گرفت ئـ□و□یـ□ کـ□ بـ□چی بلیتی بـ□هـ□شت بـ□ " د□لار " بـ□ ؟ کـ□ پار□ی وو□اتـ□کی کافر و مولحید و مونافیق و ئـ□هلی جـ□هـ□ننـ□مـ□ ، ئایا ناکر□ بـ□ پار□ی وو□اتـ□کی ئیسلامی بـ□ بـ□ نمونـ□ " لیر□ی سعودی"کـ□ ز□دی ئایینی ئیسلامـ□ ،و ئایا ما□□□کردن بـ□ پار□ی کافر□کانـ□و□ حـ□رام نیـ□ ؟ .. گرفت یان پرسیار□کی تر ئـ□و□یـ□ کـ□ و□ک ئـ□مـ□□ لـ□ دونیایا وا باو□ کـ□ بلیتی ستانداری سـ□فـ□رکردن بـ□ کـ□سانی ژ□ر هـ□ژد□ سا□ شتـ□ک هـ□رزانتر□ ، جا ئایا ئـ□و سیستـ□مـ□ بلیتـ□کـ□ی بـ□هـ□شتیش ئـ□گر□تـ□و□ !! هـ□قی خـ□یشـ□تی بـ□□□و□بـ□ر و موحاسیبـ□کانی سـ□فـ□ر□کـ□ی مزگـ□وتی بـ□هـ□شت □□چاوی ئـ□م تـ□بینیـ□ بکـ□ن...جگـ□ لـ□و□ش چ گر□نتیـ□ک هـ□یـ□ کـ□ بـ□هـ□شت فول نابـ□ و جـ□ی ئـ□و هـ□موو خاو□ن بلیتی مزگـ□وتی بـ□هـ□شت ئـ□بـ□تـ□و□ و لـ□ ئـ□گـ□ری نـ□چوونـ□ ژوور□و□ی بـ□شـ□کیان

زەمانەت چیە بۆ وەرگرتنەوەی پارەکانیان یان هیچ نەبێ نیوەی چونکە وەک زانراوە بلیتەکە بۆ ئەم سەر و ئەوسەر نیە ، تەنیا یەک سەرە واتا بۆ بەهەشت بێ گەڕانەوە و باشترین چارەسەریش بۆ ئەم گرفتە ئەوە کە بلیتەکە کراوە بە بێ بێ دەستنیشان کردنی کاتی گەڕانەوە ، ..

سەرنجێکی گرنگ ئەوەیە کە هەموو ئەزانین کە دونیای ئەمڕۆ گەندەڵی و قاچاغچێتی و تەزویر و فێڵ و فەرەجێکی زۆری تیایە ، ئایا هیچ ڕێگایەک ئەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەهلی جەهەننەم و مافیاکانی بلیتەکە تەزویر نەکەن و خەڵک نەپەڕێنرێنەوە ئەوبەر..!! هەیشە ڕای وایە کە ئەوانەی ڕۆژی قیامەت بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان سەرەیان گرتوە بە دوا بڕیار چۆن بەوە ڕازی ئەبن کەسێک بە شەش سەد و پەنجا دۆلار و بە بێ هیچ مەحکەمە و لێپێچینەوەیەک لە جەدەولی ئەعمالی بە کەماڵی ئیسراحەت خۆی بکا بە بەهەشتا ، کە ئەڵێ خۆپیشاندان ڕوو نایات…!!

بە پێی شەرع و ئوسوڵیاتی ئیسلام، ژن " مێ " نیوەی کۆمەڵ نیە بەڵکو نیوەی پیاو" نێر"ە ، لە پرۆسەی شایەتیی و میراتیا دوو ژن حسابی یەک پیاوی بۆ ئەکرێ ، ئاخۆ بلیتەکەی بەهەشتی مزگەوتی بەهەشت ڕەچاوی ئەمەی تیایە چونکە بە پێی شەرعەکە ئەبێ دوو ژن یان مێ بە یەک بلیت بچنە بەهەشت ، بەڵام ڕەنگە لە بەر ئەوەی مەسەلەکە پارەیە گەر بکرایە ژن دووقاتی پیاوی لێ ئەسەنرا.!!

گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە لە کەم و کوڕیی سەفەرەکەی بەهەشت بە سپۆنسەری مزگەوتی بەهەشت سکاڵا لە کوردستان یان لە مەحکەمەی فیدراڵی تۆمار ئەکرێ..؟

پشکۆ ناکام

یاد نامە.. هەدی گەڵاڵی

پاش دوورکەوتنەوەیەکی مەودا فراوانی من و تۆ ، هێشتا خۆشەویستیم بۆ تۆ بە موتوربەکراوی ماوەتەوە..

هێشتا بیرەوەری ساڵانی تەمەنی بەسەرچوومان وەک درەختێکی هەمیشە سەوز لە کێڵگەی دڵدا ڕەگی داکوتاوە…

هێشتا ڕێی ئەڤینداریمان شوێن پێی تۆی پێوە دیارە لە هەر کوێیەک

لە هەر سوچێکی ئەم دنیایە بیت شەوەت دەکەم!!
لە قەد دیواری ژووری دەروونـدا وێنەت هەڵواسراوە و هەموو چرکەساتێک سیمات دەبینم …
کە سەیری ئاوێنەی ڕاڕەوی ژووری میوان دەکەم ڕوخساری گەش و کوڵمەی ئاڵی ئەوسات بەدی دەکەم و چاوە گەشەکانت دەبینم..
خەندەی لێو و ددانی ورد و قژی خاو و گۆنای گەشت دەبینم…
ئەو ساتانە نەک هەر هەستەکانم تەنانەت نەست و بێ ئاگایشم بۆ ئاگا دێتەوە و روح و ناخیشت دەبینم…
ئێستاش دڵخۆشیم بەوە دەدەمەوە کە تۆ لە ژێر هەمان ئەو ئاسمانەی کە لێتەوە نزیکم!
نزیکین هێندەی نێوان روح و جەستە ..
نزیکین هێندەی چاو و سەمای بینین…
نزیکین هێندەی ترپەکانی دڵ و هەناسەمان…، بەڵام گیانە
لەگەڵ هەڵکشان و ڕۆچونی تەمەندا؛
چیرۆک و دیرۆکی ڕۆژانەی عەشقمان لە پەڕاوی یاد و ساڵنامەی خۆشەویستیماندا نوسراوەتەوە..
یادگاریەکان ، بیرەوەریەکان ، قسە خۆشەکان، ناز و عیشوە و تەنانەت زویربوونەکانیشت لە بیرەوەری یادەکانم ئەلبووم و ئەڕشیف بووەو لە هزر و ئەندێشەم هەڵگیراوە و ڕۆژانەش بە یادی جارانەوە بە چاوی دڵ سەیری ئەو ئەلبوم و ساڵنامەیە دەکەم کە تەواوی ڕۆژ و مانگ و ساڵانی خۆشەویستیمان تێدا تۆمار کراوە…!!

هەدی گەڕاڵەی

چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ” لە وڵاتی ڕووسیا بەڕێوەدەچێت.. مەنسوور جیهانی

– چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ” لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی فیدڕاسیۆنی ڕووسیا بەڕێوەچوو.

چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ” MKFF بۆ سەرۆکایەتی “کەرەم گەردەن زەری” Kerem Gerdenzeri ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی ناوداری کوردیی دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا، بە بەرپرسیاریی خاتوو “گولیزەر گەردەن زەری” Gulizer Gerdenzeri – “ئینا تەدژۆڤا” Inna Tedzhoeva، بە مەبەستی ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ، مێژوو و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و زمانەوانی کوردەکان و هەروەها ژیانی مەدەنیی ئەم نەتەوە ڕەسەنە، بە نمایشی کۆمەڵێک بەرهەم لە بەشی پێشبڕکێی فیلمە بڵیندە سینەماییەکان، بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلم، بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلم، بەشی “شەویی سینەمای کوردی”، بەشی “نمایشی باشترین فیلمەکانی ڕووسیا” و پێشانگای کەلتووریی و هونەریی لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئەیلوولی (سیپتەمبەری) ٢٠٢٤ لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی فیدڕاسیۆنی ڕووسیا بەڕێوەدەچێت.

بەرپرسانی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ”، داوا لە هەموو ئەو فیلمسازانە دەکەن کە فیلمیان سەبارەت بە کوردەکان و یا بە ناوەرۆکی کوردەکان ساز کردووە؛ تاکوو بەرهەمە بڵیندە سینەماییەکان، بەڵگەفیلم و کورتە فیلمەکانی خۆیان بۆ بەشداری لە بەشی پێشبڕکێی ئەم ڕووداوە سینەماییە لە ڕێگای ماڵپەڕی “فیلم فریوەی” بە ناونیشانی https://filmfreeway.com/MoscowKurdishFilmFestival بنێرن و ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی (ژوئەنی) ٢٠٢٤ دوایین مۆڵەتی ناردنی بەرهەمەکان دیاریی کراوە.

خەڵاتی “هەتاوی زێڕین” ستایلێکی کریستاڵ، بە هێمای هەتاوی زێڕینە و ئەم خەڵاتە گرینگە لە پێنج بەشدا، لەوانە؛ باشترین فیلمی بڵیندی سینەمایی، باشترین بەڵگەفیلمی بڵیند، باشترین کورتە فیلمی چیرۆکی، باشترین بەڵگەفیلمی کورت و هەروەها خەڵاتی “هاوبەشی لە سینەمای کوردی”دا بە براوەکان پێشکەش دەکرێت.

بەرپرسانی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ” Moscow لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: “ئەم فێستیڤاڵە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بۆتە ڕووداوێکی باوەڕپێکراو و خۆشەویست لە لایەن هۆگرانی هونەریی سینەما. بە تایبەت جێگای خۆشحاڵییە کە نە تەنیا کوردانی تاراگە و نیشتەجێی وڵاتی ڕووسیا بوونەتە هۆگریی فێستیڤاڵەکە؛ بەڵکوو ساڵی پار، سەرنجی زۆریی لە لایەن پیشەگەرانی سینەما و هەروەها بینەرانی ڕووسیاوە بەلای خۆی ڕاکێشا. و هەر ئەوە گرینگترین تایبەتمەندییە کە ئێمە لە ئێستادا سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکی گرینگ و زۆر پێویستین. لە سەرەتای

دەستپێکی فێستیڤاڵ، پلانێکمان داڕشت کە بینەران نە تەنیا لەگەڵ سینەما، بەڵکوو بە شێوەی گشتیی لەگەڵ فەرهەنگی دەوڵەمەند و جیاوازیی کوردەکان ئاشنا بکەین. لە ساڵی ٢٠٢٣ توانیمان پێشانگایەک لە هونەری هاوچەرخی کوردیی بەڕێوەبەرین و ئەمساڵیش هیوادارین کە ئەم ڕێگایە درێژە پێبدەین و بێجگە لە سینەما و شێوەکاری، مۆسیقا، هەڵپەڕکێی، ئەدەبیات و تەنانەت خواردنی زۆر خۆشیی کوردەواریش پێشکەش بکەین.”

لە درێژەی ئەم ڕاگەیەندراوە ڕۆژنامەوانییەدا هاتووە: “ساڵی پار، فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ”، تەرکیزی خستبووە سەر سینەمای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەو مێژوو و دابوونەریتە دەوڵەمەندەی کە هەیەتی. ئەمساڵیش بە شێوەی گشتیی تەرکیزمان خستۆتە سەر ئاخاوتن و وتووێژیی نێوان کەلتووریی و هاوکاریی لەگەڵ سینەمای ڕووسیا. کوردەکان یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی جیهانن، هەر بەم پێیە مێژوویەکی دەوڵەمەند و فەرهەنگێکی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە کە هەمووی ئەم تایبەتمەندییە جوانانە لە سینەمای هاوچەرخی کوردیدا خۆی دەرخستووە. فیلمەکانی فێستیڤاڵی کوردی “مۆسکۆ”، بینەرانی خۆی ئاوێتەی جوانناسی و بەهێزبوونی فەرهەنگی نەتەوایەتی، دابوونەریت و کەلەپووریی ئایینی و هەروەها دیاردە کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی خەڵکانی کورد دەکات کە بەڕاستی خەزێنەی ڕاستەقینەی سینەمای ڕۆژهەڵاتن.”

بۆ زانیاری زیاتر:
www.moscowkff.ru

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتیی چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی “مۆسکۆ”.

مەلەفی دەنگەکان سەبارەت بە ئەنفال.. ساڵی ٢٠٠٧

لینکی مەلەفەکە لە ئەرشیفی دەنگەکان..

	حەمە فەریق حەسەن : مادەم باس لە داه□نانە، لەدنیای ئەم□□ی جیهانگیرییدا هونەرو ئەدەب ((کا□ا))ن. ئەگەر نەبنە کا□ا ، کورت و دروست مانای وایە ((ب□بەهان)) لە کوردستان، وەک چ□ن بەف□□□ک □□ژنامەو □وونا کبیریی لەدەستە□ات پووچکراون.
	شەما□ عادل سەلیم : ئەنفال ئەوکردەجین□سایدە بوو کە هەموو □ەنگە بنە□ەتیوسەرەکییەکان (زەرد ، سوور، شین) ، □ەنگە قەشەنگ و بریسکەدارەکانی لەگە□ خ□ی لوول داو □ا پ□چی ژ□رلم و کلووبی شەوانی میسریعەرەبی و ئەشکەنجەخانەکانی بەعسی فاشی کرد.
	نیهاد جامی: ب□ ئەوەی ئەو د□خە ترسناک و هە□ەشە ئام□زە بگ□□ین پ□ویستمان بەوەیە ر□ژنامەگەری کوردی واز لەو ستایشکاریە ب□ن□ت و خو□ندنەوەی □ەخنەیی ئەنجام بدات دەرگا ب□ ب□چونە جیاوازەکان ئاوە□ا بکات لەروانگەی زانیستەکانی وەکو ک□مە□ناسی کاریگەری ئەو رووداوە لەسەر ئ□ستای ئ□مە دەست نیشان بکات،..
	نیگار نادر: ئ□و□ ک□ی ئ□و زمان□ سیاسی و ئاید□ل□ژیە بوو□ ک□ کورد ب□در□ژایی ئ□و ن□زد□ سا□□ ب□ ئ□نفال د□کاری بردو□و مام□□□ی پ□کردو□ ک□د□کر□ ب□□ین زمان□کی کول وکورت بوو□ ب□ ورد بینان□ ب□کارن□ه□نراو□..
	کاروان کاکە سوور: گە□انەوەی ئ□مە ب□ ناو م□ژوو ز□ر جار گە□انەوەیەکی ن□ستال□ژیانەیە، نەک دیسپ□تیکیانە. گەرانەوەیەکە پرە لە س□ز و میهرەبانی، ب□یە ناتوانین م□ژوویەکی جیاواز لەو م□ژووە رەسمییە بخو□ق□نین. ئەو گەرانەوەیە هە□گری چاو□کە، کە هەموو رابردوو بە پیر□ز دەبین□ت،..
	خەلیل کاکەیی..
	ه□شیاری عەبدولعەزیز پاشماوەکانی قوربانی .. چاوە□وانی هاتنەوە لە چارە نووسەوە ب□ دوا چاوە□وانی..؟
	محەمەدی مشیر یاد□کی جەرگب□ و دەسە□ات□کی ساردوس□

هێژ□ن : ئ□م□ ناتوانین ئامانجی ناو□ند و ک□سان□کی د□س□ز ل□گ□□ ئامانجی پارت□کی سیاسی دا ، ک□ ئ□م □ پرس□ و□ك تاكتيك و كارتی فشار ب□ س□ر د□س□لات ب□ كار د□بات، هاوتا بك□ين..	
عەلی نار□نی زمانی ئەدەب زمانی با□ای هەر میللەت ونەتەوەیەکە بە□ام لە ئەدەبی ئ□مەی تایبەت بە ئەنفال ئەو زمانە با□ایە دابەزیوەتە ئاستی دروشم□کی سیاسی وبووەتە زمانی ژمارەو قارەمان وک□وزانەوە ..	
مەجید سا□ح میدیای ئ□مە جوغز□کی بەرتەسکی ناوچەیی ئاید□ل□ژی ب□خ□ی دەست نیشانکردووەو نایەو□ت ل□ی دەرچ□ت. مامە□ەکردنی ئەوانەی لە پشتی ئەو میدیانەون، ز□ر سەرەتایی ب□ مەنهەجیانە بەیام□ك ئاراستە دەكەن وەك خ□تان ناوتان ناوە تەنیا لە "مەوعزە" ونەسیحەت ور□نمایی دەچ□ت..	
ئاس□عەبدوللەتیف ئەنفال ر□ژنامەیەکی ب□ سەرنوسەرە ؟! ئەنفال لەدەستی حیزبدا خەریکە ئەگەن□ ، تكایە بیدەنە دەست میدیا !؟	
ئەحمەد معین ئەنفال : جین□سایدی دو□ن□ وپیلانی ئەم□□	
 عومەر محەمەد: _ دادگای با□ای تاوانەکان لە سەرەتاوە باش هاتە ناوەو دواتر خراپ مامە□ەی کرد، خ□ لایەنی قوربانی هەرئەوە نیە ک□مە□کوژکراوە، ک□مە□کوژی یەک□کە لە ج□رەکانی جین□ساید، دادگاکە ئەو ئەرکەشی لەسەرشانە بریار لەچارەنوسی قوربانیەکان بدات...	
ئەمیر قادر : سەرەتا ئەوە ب□□م ئەو فرسەتانەی کە د□نە □□گا ب□ ئەوەی قوربانیەکان □وو بە□وو وە □استەوخ□ لەگە□ تاوانباراندا □ووبە□وو ببنەوە لەبەردەم دادگادا یان تریب□ن□کی عادیلانەدا بەدر□ژایی م□ژوو ز□ر دانسقەوە دەگمەنن،	

	کەمال ڕەئوف: ئەنفال وەک یادەوریی تاڵ لە ڕابردووماندا ئەنفال وەک ترس لەئایندەماندا
	مەهاباد قەرەداغی: کاتاسترۆفی ئەنفال ژەهرەوزەی لە کارمای مرۆڤی کورد دا چاند
	عومەر جەلال: کوا رووفاتی ئەنفالی ناوچەکانی دی؟ بۆ ئەوەی ئەنفال وەک جینۆساید بناسرێت و ببێتە شوناسێک بۆ بوونی کورد،ئەوە گەورەترین کارەساتە تا هەنووکە حیزبی کوردی نەیتوانیووە وەک ڕێکخراوی چاک و چەند ڕێکخراوێکی دی ئازاد و ئاکتیڤ بێت لە ناساندن و گەورەکردنەوەی چەمکی ئەنفال، ..
	خەتاب سابیر: لەرووی یاسایی و ستانداردی نێودەوڵەتییەوە هێشتا دەبێ بە کەمێک چاوقایمییەوە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بە جینۆساید بناسین یان بناسێنین. ئەگەر ورد سەرنج بدەین، ..
	سەردار عەزیز : گومان لەوەدا نیە کە ئەو گۆرانانەی بە سەر ناوچەی عێراق و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەکەدا هات بۆیەکەم جار لە مێژوودا، تا نووسینی ئەم دێرانە قازانجی لە زیانی بۆ کورد زیاتربووە......

ئەنفال.. قوبادی جەلی زادە

منداڵێک لە ژێر لمی (عەرعەرە) وە ،

بە حاجیەکانی گوت :

من مەمکی دایکم بە دەمی (سەگ) ێکی رەشەوە بینی !

من مێخەکبەندی داپیرەم بە دەنووکی (قەل) ێکەوە بینی !

من مەتارەی بابە لە گەورەم لە ملی درێژیی (حوشتر) ێکەوە بینی !

هەندرێن دەمەوێ بڵێم، دەبوو مرۆی هوشیاری کورد لە دەستپێکدا لەوە تێگەیشتبا کە دادگاییەکی لەو جۆرەی کە خودی ئەمریکا وەک نمایشێک لەو دیمۆکراتیی و ئازادییەی لە قوتووکراوی بۆ عێراقی هێنا بوو بەڕێوەی برد، ....
شاخەوان ش□□ش سەدام لە تاوانی گەلکوژی ئەنفال بێبەری کرا و تاوانەکان بەرامبەر بە گەلی کورد کۆتاییان نەهاتووە..

ڕێکپێش عەزیز :

ژنی کورد نەک هەر کێشەی ژنانی ئەنفال، بەڵکو هیچ شتێکی نەکردووە لەمەڕ پرسی ژن لە کوردستاندا..

دارا مەحمود :

بەداخەوە بارودۆخی نالەباری عێراق ، کەوەک پڕمەترسیترین وڵاتی جیهان دەناسرێت، و کێشەو گرفتە ئاڵۆزەکانی وایکردووە، دۆزی ئەنفال و دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس کەمڕەنگ بێتەوەو بچێتە ڕیزی خوارەوەی کێشەو ڕووداوەکان..

شیلان جەبار:

تاکو ئێستا زۆرلە هونەرمەندان هەوڵیان داوە بەکاری هونەری چ هونەری شێوە کاری بێت یاخود هونەری شانۆو مۆسیقا،گوزارشت لە کارەساتی ئەنفال بکەن ..

حەمە کاکەڕەش:

ئێمە دەبێت بزانین ئەدەبێکمان نییە لە دەرەوەی کاریگەری حیزبە سیاسییەکان بتوانێت بیربکاتەوەو قسەبکات ..

دارا ئارام :

ئەگەر ڕەنگ و هێڵەکان بە هێزتر نەبێ لە دەوری وشەکان ئەوا کەمتر نییە لەو دەربرینانەی کە بە وشە بۆ ئەنفال دەردەبڕێت. چونکە ڕەنگ و هێڵەکان زمانێکی جیهانین و مرۆڤ بە هەموو زمانە جیاوازەکانەوە دەتوانن لە مانای ئەنفال تێبگەن..

سمکۆ ئەحمەد :

ڕەنگ و فۆرم ڕێگایەکی کورتری هەیە لە وشەکان بۆ گەیشتن بە زهن و ئەقڵ..

جەمال مەحموود:

ئەنفال ئەو زامە قووڵەیە کە تا ئێستاش نەک هەر هەوڵی ساڕیژکردنی نەدراوە بەڵکو خوێ بەبرینیەکانیەوە دەکرێت...

ئه نفال و ره هه نده س□سی□ل□جییه كا نی
تو□ژینه وه یه كی تیوری و مه یدا نییه
ئا ما ده كردنی
محه مه د ره ئوف عه بدولعه زیز